نۆڤلێت

# هاوڕێ نیگارکێشەکەم

نووسینی: لینگیا بۆینگە

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: هیوا قادر



ناوی کتێب: هاوڕێ نیگارکێشەکەم
نووسینی: لینگا بوینگا
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: هیوا قادر
وێنەی بەرگ: سەیوان
چاپ: چاپخانەی ڕەنج سلێمانی/ 2006
تیراژ: 3000 دانە
ژمارەی ڕاسپاردن لە کوردستان:
ژمارەی ڕاسپاردن لە سوید: ISBN: 91-631-7209-7



لینگا بوینگا

که منداڵێک بەتەنها دەستدەکات بە خوێندنەوەی کتێبێک، بەو وێنانەی که هەیەتی له شوینێکی ناوەوەی ڕۆحی خۆیدا ژوورێکی نهێنی دروستدەکات، ژوورێک که له هەموو جێیەکی تر قایمترو باشترە. ئەم جۆرە وێنانه گرنگن بۆ مرۆڤ. ئەو ڕۆژەشی که فەنتازیای منداڵ ئیتر له توانایدا نابێت ئەو وێنانه بەرهەمبهێنێت، ئەو ڕۆژە مرۆڤایەتی تووشی هەژاری دەبێت.
ئەوەی دەستنیشانی دەکات سبەی بەیانی دنیا چۆن دەبێت، بڕی ئەو وێناکردنانەی منداڵانن که له ئێستادا خەریکن فێری خوێندنەوە دەبن. لەبەرئەمەیە که منداڵان پێویستیان به کتێبە.

ئەسترید لینگرێن

## پەنجەرەیەک

جگە لە جوانی ئەم نۆڤلێتە، خۆشەویستیشم بوو بۆ ئەم ستیلی نووسینە کە وایلێکردم ئەم نۆڤلێتە بکەم بە کوردی، هەستمکرد لە رێگەی ئەم نۆڤلێتەوە دەتوانم بەشێکی کەم حورمەتبدەمەوە بەو بوونەوەرە فەرامۆشکراوەی کە ناوی منداڵ و مێردمنداڵە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. ئەو بوونەوەرەی کە تائێستا نە سیمایەکی دیاریکراوو ئازادی هەیە لە ژیاندا و نە خاوەنی ئەدەبێکی سەربەخۆی خۆشیەتی.

منداڵ لە ئەدەبی مۆدێرنی کوردیدا وەک بوونەوەرێکی نەزان و بچکۆلە تەماشاکراوە، بوونەوەرێک کە هەقی هەڵبژاردنی نییەو هەمیشەش دەبێت گوێڕایەڵبێت لەبەردەم وەعزو نەسیحەتی ئەو ئەدەبەی کە وەک کارگەیەک کاریکردووە بۆ زوو گەورەکردنی منداڵان، بۆ بە پیاوکردن و بەژنکردنی هەرزەکاران، هەمیشە ملکەچی کردوون لەبەردەم مەرجە قورسە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکاندا، لەبری ئەوەی ئەم ئەدەبە بە ئاڕاستەیەک کاربکات، ئازادی هەڵبژاردن و هێزی ئەنارشییەت بداتەوە بە منداڵان خۆیان، دژی ئەو دیسیپلینانە کاربکات کە منداڵی لە منداڵ زەوتدەکات. ئەو تێڕوانینە



باوە تێکبشکێنێ کە پێیوایە سنووری تێگەیشتنی منداڵان بچوکترە،بۆیە ئەدەبێکی پێشکەش دەکرێت کە ژیان ڕووتووقوت و سادەدەکاتەوەو لەهەموو فەنتازیایەک بێبەری دەکات.

ئەمانە سەرەتاکانی دەستنیشانکردنی ئەو شکستانەن کە لە پشتی ئەو تێفکرینانەوەیە کە دەیەوێت ئەدەبێکی کوردی منداڵان بنووسێتەوە. بۆیە دەبینین ئەوەندەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی پرە لە فەنتازیا ئازادەکان هێندە ئەدەبی مۆدێرن لەبەردەمیدا هەژارو کورتخەیاڵ و بی فەنتازیایە.

خوێندنەوەی ئەم نۆڤلێتە سنوردارنییە لەبەردەم تەمەنی خوێنەرەکانیدا، تەمەنی خوینەرانی لە دەساڵەوە تا سەدساڵی ئاوەڵایە، دیارە نووسەرەکەشی هەمان بڕوای هەیە، ئەم کتێبە بۆ هەموو ئەو خوێنەرانەیە کە لە زمانی فەنتازیا دەگەن.

هیوا قادر

هەینی

نازانم من هەر لەسەرەتای لەدایکبوونمەوە وابووم یاخود ئەوە هاوڕێ نیگارکێشەکەم بوو وایلێکردم، چونکە من هەرچ کاتێک سەیری شتێک دەکەم سەرەتا ڕەنگی ئەو شتە سەرنجم ڕادەکێشێ.
خەڵکی، خانووەکان، کتێبەکان، گرنگ نییە هەرشتێکبێت، دەرگابێت یان بەرگی کتێب، من یەکسەر چاوم دەچێتە سەر ڕەنگەکەی، پێش هەمووشتێک ڕەنگەکەی دەبینم و دواتریش گرنگی بە شتەکە دەدەم کە چییە.
ڕۆژێک هاوڕێ نیگارکێشەکەم پێی وتم کە من کوڕێکم ڕۆحێکی هونەرمەندانەم هەیە، بۆیە دەفتەرێکی وێنەکردنی دامی کە خۆی کۆمەڵێ تابلۆی بەڕەنگی ئاویی و ڕۆنی و پاستێل تێداکردبوو. ئەو ووتی وێنەکانی ناو دەفتەرەکەی بەڕێکوپێکی ڕیزکردووە بۆ ئەوەی من بتوانم باشتر لە ڕەنگەکان تێبگەم. وێنەکانی سەرەتا تەنها ڕەنگ بوون.
مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە سەرەتا بۆیەنەکرابوون بەڵکە تەنها ڕەش و سپی بوون، دواتر بەڕەنگەوە: زەرد، شین، سوور، وە دواتریش هەرسێ ڕەنگەکە پێکەوە دەبوون بە کۆمەڵێک وێنەی جیاواز. من حەزم لەهەندێک لەو وێنانە دەکردو هەندێکی تریشیانم بەلاوە جوان نەبوون.



هاوڕێکەم ووتی بێگومان تا زیاتر بچیتە ناو ڕەنگێکەوە زیاتری لێوە بەدەستدێنیت.
من تێنەدەگەیشتم و تەنها هەر سەیری ئەوم دەکرد، من لەمەبەستی حاڵی نەدەبووم، ئاخر من نەمدەزانی بە چ شێوەیەک شتێک لە ڕەنگەکان بەدەست دەهێنرێت.

من ئەمڕۆ حەوسەڵەی بینینی هیچ کەسێکم نەبوو، بۆیە دەستمکرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەو دەفتەری وێنەیەی کەکاتی خۆی هاوڕێکەم پێیدابووم. تەنها بۆ ئەوەی بتوانم بەوردی یەک بەیەک سەیری ڕەنگەکان بکەم، تەنها هەر لەبەر ئەمەو هیچ شتێکی تر نا. من هەر بەردەوام سەیرمدەکردن، جگە لەسەیرکردنیان هیچ شتێکی ترم نەکرد. لەپڕ دەقاودەق تێگەیشتم کەکاتی خۆی هاوڕێکەم مەبەستی چی بوو! ئارەزوویەکی واگرتمی کە بچمە سەرەوەو بۆلای و پێی بڵێم:
- من ئێستا تێدەگەم کە تۆ ئەو ڕۆژە مەبەستت چی بوو! من ڕەنگی ڕەشم دۆزییەوە.
سوێندت بۆ دەخۆم وەک ئەوە وابوو کە ئەو ڕەنگە بێتەناومەوە، هەروەها تێشگەیشتم کە چۆن لەگەڵ ڕەنگی زەردا تێکەڵدەکرێت.
بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئیتر من لەمەودوا ناکرێت لەگەڵ هاوڕێ نیگارکێشەکەمدا قسەبکەم، چونکە ئەو مرد. ئەو سێ ڕۆژ لەمەوبەر مرد.
هاوڕێکەم لە باڵەخانەکەی سەرو ئێمەوە دەژی، نا دەبێت بڵێم دەژیا. من جاران واڕاهاتبووم بچمە سەرەوە بۆلای و یاری تاوڵەی

لەگەڵدابکەم و پیکەوە قسەبکەین، ئەو سەعاتێکی دیواری هەبوو کە هەموو نیو سەعات و سەری سەعاتێک زەنگی لێدەدا. دایکم و باوکم گلەیان دەکرد و دەیانووت: "جۆش و خرۆشی ئەم سەعاتە ناموبارەکە چەند وەڕسکەرە!" هەروەها خوشکەکەشم دەیپرسی: "ئەرێ ناکرێت هاوڕێکەی تۆ ڕۆژێک لەڕۆژان لەبیری بچێت و زنجیری میقاتکردنی سەعاتەکە ڕانەکێشێت؟"

بەڵام خۆ ئیتر هەرچ کەسەو بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێت دەژی، مەگەر وانییە؟

بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش من خۆشحاڵدەبووم کە گوێم لە زەنگی سەعاتەکە دەبوو، بە تایبەتیش لە شەواندا. ئەمەش تەنها لەبەرئەوە نەبوو کە سەعاتەکە بە زەنگێکی خۆش لێیدەدا، هەروەها لەبەرئەوەش نا کەخۆم پێموایە شتێکی باشە گەر بزانیت سەعات چەندە، بەڵکە تەنها لەبەر ئەوەی هەموو جارێک کە زەنگی سەعاتەکە لییدەدا من بیرم لەوەدەکردەوەو دەمووت: "ئەو کەسەی سەرەوە هاوڕێی منە".

هەمووجارێک کە گوێم لە زەنگی سەعاتەکە دەبوو، وام هەستدەکرد کە ئەوە دەنگی تەپەی پێی هاوڕێکەمە، یان دەنگی قسەکردنەکانی، یاخود پێکەنینەکەیەتی. دیارە تێدەگەیت کە من مەبەستم چییە؟

لەڕاستیدا ئەو کەسێکی بێدەنگ بوو، ئەو دەیویست تەنها شتێکی وابکات کەنەبێتە هۆی نارەحەتکردنی کەسانی تر، بۆ نمونە وەک پایپ کێشان، بیرکردنەوەو وێنەکردن. خۆ ئەگەر بهاتایە دەنگ لە سەعاتەکەشییەوە نەهاتایە... ئیتر ئەوە وەکو ئەوە وابوو کە ئەو هەر بوونیشی نەبێت.



بەڵام ئەمە ئەو شتە نییە کە من دەمەوێت دەربارەی ئەو بیگێڕمەوە. ئەوەی کە من دەمەوێت باسیبکەم ئەوەیە کە سێشەممەی ڕابردوو، کاتێک کە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە، زانیم کە هاوڕێکەم مردووە. من چوومە سەرەوە. بەڵام بەهیچ شێوەیەک نەمتوانی سەیری بکەم، ئەو بێدەنگ مردبوو، من بەرەو دیوارەکە ڕووم وەرگێڕا. ئەوکاتە چاوم چووە سەر یەکێک لە تابلۆکانی: ئافرەتێکی بەڕەنگی زەرد وێنەکردبوو. (ڕۆژێکیان پێیوتم ئافرەتەکە هەرلەخۆوە سەرتاپا هەموو گیانی زەرد بووە، چونکە کاتێک کە لەخەو هەستاوە هەستی کردووە دڵی زۆرخۆشە، "من ئەو کاتە هیچ شتێکم سەبارەت بە ڕەنگەکان نەدەزانی" بۆیە پێموابوو کە ئەمە ڕەنگە داهێنانێکی سەیری خۆیبێت.

نەشدەکرا من هەر لەسەرەوە بمێنمەوە، بۆیە هاتمە خوارێ بۆ ژوورەکەی خۆم.

بەڵام جارێکیان هەستمکرد وردە وردە بەتەواوەتی لەناخەوە تاریک بووم، تاریکییەکی وا کە من هیچ شتێکی لێتێنەدەگەیشتم.

بەڵام هەر ئەو کاتە سەعاتەکە دەستی کردەوە بە لێدان. لێیدەداو لێیدەدا. لەبەرئەوەی کاتژمێر بوو بوو بە دوانزە، خۆ ئەگەر یەکێک لێی بپرسیمایە لێدانانی ئەو زەنگانە چ ڕەنگێکن، ئەو کات دەمتوانی وەڵامی بدەمەوەو پێی بڵێم: ُزەرد ُ.

چونکە یەکسەر هەستی منیش وەک هەستی هاوڕێ نیگارکێشەکەمی لێهات: منیش هێندە تێگەیشتم کە ڕەنگی زەرد ڕەنگێکی شادە. زۆریشم بەلاوە خۆشبوو کە دوانزە جار گوێم لە لێدانی زەنگی سەعاتەکەبوو.

لەگەڵ هەر زەنگێکدا من زیاترو زیاتر تێدەگەیشتم کە هەموان سەبارەت بە هاورێکەم بەهەڵەداچوون و ئەو تائێستاش هەر لەسەرەوە دەژی.
ئەو ڕۆژە جەژنی لەدایکبوونی ئامۆزاکەم بوو، بەڵام من نەچووم بۆ لای.
لە قوتابخانەش مەشقی فتبۆڵێنمان هەبوو، تاقەتم نەبوو بچم بۆ ئەوێش.
دەستمکرد بەخوێندنەوەی کتێبێک کە حەزم لێیبوو، بەڵام هەستمکرد چیتر ئارەزوی خوێندنەوەشم نییە.
دەمویست تەنها لەویادا بمێنمەوەو گوێ بۆ زەنگی سەعاتەکە ڕابگرم.
زەنگی سەعاتەکە لێیدا، سەرەتا زەردێکی تەواودیاربوو، بەڵام دواتر ڕەنگە زەردەکە بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو، کاڵترو کاڵتر دەبۆوە. بۆیە چرکەکانی ساعاتەکەش خاوو خاوتربوونەوە، لێدانی سەعاتەکە سوکو سوکتر دەبۆوە تا بەیەکجاری لە جوڵەکەوت، ڕەنگە زەردەکەش هەڵبزرکاو سپی سپی بوو. ئەمرۆ سەرتاپا سپییە، سەعاتەکەش بەیەکجاری لە جوڵەکەوتووە.
ئاە، چەند بەعەزرەتەوە بووم بمتوانیایە بچومایەتە سەرەوەو زنجیری سەعاتەکەم ڕابکێشایە!
بەڵام خۆ دەرگاکە داخراوە.
ـ کلیلەکان لای کێیە؟
ـ لەلای کلاریسە.
ـ بەڵام دەبێت زنجیری سەعاتەکە ڕابکێشرێت.



ـ کلاریسا کلیلەکانی لەگەڵ خۆی بردووە.
ـ ئەی سەعاتەکە...
ـ کلاریسا ووتی کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئێرە.
ـ ئەی سەعاتەکە چی؟
کاتێک کە شەوێ چووم ڕاکشام، هیچ شتێکی ترم نەکرد جگە لە چاوەڕوانی، هەر چاوەڕوان بووم چاوەڕوان.
هیچ شتێک دیارنەبوو جگە لە ڕەنگێکی سپی تەواو سپی. هەرگیز پێشتر بیرم لەوە نەکردبۆوە کە بێدەنگی بتوانێت ئاوا ڕەنگی سپیبێت. لەوەشەوە ئیدی تێگەیشتم کە هاورێکەم مردووەو ڕەنگی سپیش زۆر لە ڕەنگی ڕەش ئازاربەخشترە، جارێ ئازاری ڕەنگی زەرد هەر مەپرسە! ڕەنگی زەرد زیاد لە هەر ڕەنگێکی تر ئازاری زیاتری پێبەخشیم.

## دووشەممە

ڕەنگی سوور بۆ من ڕەنگی ئەو شتانەیە کە دەمەوێت تێیانبگەم.
جارێکیان (زیاد لە ساڵێک لەمەوبەر، پێش ئەوەی نۆ ساڵ پڕبکەمەوە) ئامۆزاکەم لەگەڵ یەکێک لەهاوڕێکانیدا کە ناوی جەناینا بوو هات بۆ ماڵمان، جەنینا سەرتاپا سووری پۆشیبوو.
جلەکانی دوو قۆڵی دریژی هەبوو کە لە جلەکانی ئامۆزاکەم و خوشکەکەم زۆر درێژتربوون، تەنها یەک ڕەنگیش بوو، ئەویش سوورێکی گەشبوو، هەموو ئەوانەشی کە لە ژووری میوانەکەدابوون سەیری ئەویان دەکرد. جەنینا وەک یاریزانانی تێنس پارچەیەک لەقوماشی جلەکەی بەریشی پێچابوو لە ناوچەوانییەوە.
من کتوپڕ عاشقی بووم.
کاتێک نانی ئێوارەمان دەخوارد من ووتم:
ـ من عاشقی جەنینام.
هەموویان پێیانوابووکە من گاڵتەدەکەم. خوشکەکەم ووتی خۆ جەنینا تەمەنی پانزەساڵە.
ـ جا چییە؟ بۆ نابێت من عاشقی یەکێک بم کەتەمەنی لە خۆم گەورەتربێت؟
ـ دەوەرە گوێ لەمە بگرە!
هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین.



من وام بەباشزانی لەوەزیاتر لەو بارەیەوە هیچ شتێکی تر نەڵێم. بەڵام بەردەوام عاشقبووم. دەەمەوێ بڵێم، کەئەوکاتە هەستمدەکرد عاشقم، زۆریش دڵنیانیم، بەڵام هەموو جارێکیش کە بیرم لە جەنینا دەکردەوە (هیچ شتێکی ترم نەدەکرد بەس تەنها بیرم لەو دەکردەوە) هەستم بە شتێکی جیاواز دەکرد لەخۆمدا. نەمدەزانی ئەو شتە چییە بەڵام دەمزانی کەئەو شتە ڕەنگی سوورە، دیاربوو لەبەرئەوەش بوو کە من تەنها هەر بیرم لە جەنینا دەکردەوە بەخۆی و جلە سەرتاپا سوورەکەیەوە.
ڕۆژێکیان ئامۆزاکەم دیسانەوە لەگەڵ جەنینادا هاتەوە بۆ پیترۆپۆلیس. دڵم ئەوەندەی نەمابوو لەسنگم دەرپەڕێتە دەرەوە کاتێک کە دایکم ووتی:
ـ سڵاو، جەنینا.
ڕامکرد بۆ ژووری میوانەکە. بەزەحمەت باوەڕم بەچاوی خۆم کرد کە چیم بینی: جەنینا پانتۆڵێکی شین و بلوسێکی سپی لەبەردا بوو! لەبری پەڕۆکەی ناوچەوانیشی پەرچەمی شۆڕکردبۆوە.
تا زیاتر سەیری جەنینام دەکرد عەشقەکەم لەبەرامبەریدا کەمتر دەبۆوە. کاتێک کە ئەو ڕۆیشت، من چووم بۆ لای هاوڕێ نیگارکێشەکەم (من پێموایە باشترە ئەمە بە پیتی گەورە بنووسم) هەموو ئەو شتانەم بۆ باسکرد کە ڕوویاندابوو. هاوڕێکەم پایپەکەی داگیرساند، چووە لای پەنجەرەکەوەو بە شێوەیەک تەماشای دەرەوەی دەکرد وەک ئەوەی بیەوێت بۆ هەتاهەتایە هەر سەیری دەرەوەبکات.
دواتر ووتی:

- لەڕاستیدا ڕەنگی سوور ڕەنگێکی گێرەشێوێنە.
هەرئەوەندە و بەس. ئەو کەسێکی وابوو ئەگەر حەزی نەکردایە قسەبکات، قسەی نەدەکرد. بەڵام کاتێکیش کە هەستی دەکرد کاتی قسەکردنە، ئەوا زیاتر باسی هونەری دەکرد. لە نێوان یاریەکاندا (جارێکیان بە دایکمی ووت بۆ مێشکی کوڕەکەت باشە کە یاری لەگەڵ مندا بکات) زۆرجار ڕاهاتبوو کتێبی وێنەی پیشان دەدام، باسی هونەرمەندە نیگارکێشەکانی بۆ دەکردم، زۆر جاریش ڕێدەکەوت من لەو تابلۆیە نەدەگەیشتم کە ئەو پیشانی دەدام.
- پێت جوانە وایە؟
- بەڵــێ.
- چاکە. وردەوردە واتلێدێت تێبگەیت، یان بەپێچەوانەوە.
ئەو جارانە من هەر سەیری هاوڕێکەم دەکرد، تەنها هەر تابلۆکان نەبوو کە ئەو پیشانی دەدام و من تێیان نەدەگەیشتم، بەڵکە تەنانەت من لە خۆشی نەدەگەیشتم.
لەوباوەڕەدام هەر لەبەر ئەوەشە کە من زۆر سەیری هەموو سووراییەکی ناو تابلۆکانی دەفتەرەکە دەکەم.
تا ببینم بزانم تێدەگەم.
تا بزانم تێدەگەم کە بۆچی هەندێک ئینسان هەیە خۆیان دەکوژن.

هەر دوای ئەوەی کە سەعاتەکە لە لێدان کەوت ژوورەکەی سەرەوە کە هاوڕێکەمی تیادا دەژیا تەواو سپی ببوو، دوای ئەوەی کە تەرمی هاوڕێکەمیان هەڵگرت و لە ڕاڕەوی خانووەکەوە بردیانە دەرەوە بۆ یەکەمجار من لەویادا تێرتێر گریام، دایکیشم ووتی مناڵ پێویست



ناکات بچێت بۆ سەرقەبران و منیش ئیتر نەچووم. هەر لەوکاتەدا کچێک کە لە قاتی خوارەوەی بیناکەدا دەژیا هاتە بەردەمی من و ووتی:
- هاوڕێ نیگارکێشەکەت دەچێتە جەهەنم.
من زەندەقمچوو تەتانەت نەمتوانی یەک ووشەش چییە بیڵێم. هەروەها ووتیشی:
- ئەو خۆی کوشتووە، خەڵکیش دەڵێن ئەوانەی کە خۆیان دەکوژن دەچنە جەهەنم.
ئیتر من دەمم کرایەوە و ووتم:
- کێیە ئەوکەسەی کە دەڵێت ئەو خۆی کوشتووە؟
- هەمووان وادەڵێن. ئەو لەدوای خۆی نامەیەکی بەجێهێشتووەو ئەوەی ڕوون کردۆتەوە.
- نامەکە لە کوێیە؟
- ئەو نامەیە بۆ ئێمە نییە.
- ئەی کەواتە بۆ کێیە؟
- بۆ کچەکەی هاوڕێیەتی، ئەو کچەی کە دەهات بۆلای و سەری لێدەدا؟
- دۆنا کلاریسا؟
- ئا، ئەو.
- باشە لەنامەکەدا وتویێتی چی؟
لەکاتێکدا کچەکە هەر وەک ئەوەی بەهیچ شێوەیەک کاری تێنەکات، شانەکانی هەڵتەکاند ووتی:

ـ لەم حاڵەتەدا ئەو لە جەهەنمدا وەک ئەو مریشکەی دایکم کە لە فرنەکەدا لەبیری چوو بوو بەتەواوەتی دەسوتێت.
من پاڵێکم پێوەنا بۆ خوارەوەو ئەویش لەوێ ڕۆیشت.

کەچی ئەمڕۆ، بەبێ ئەوەی چاوەڕێبکەم شتێک لەو جۆرە ڕووبدات، شتێکی وا هاتەپێشەوە ئەو سوورایییەی ناو ناخمی شێواند کە هەستم پێدەکرد.
ئەو شتەشی کە ڕوویدا ئەوەبوو، کە من و کلاریسا لەبەردەم دەرگای مەسعەدەکەدا خۆمان کێشا بەیەکتریدا. ئەو لەهاتنەدەرەوەدابوو منیش لە چوونە ژوورەوەدا. هێندە سەرم لێهاتەوەیەک لەبری ئەوەی سڵاوی لێبکەم یەکەوڕاست لێمپرسی:
ـ بەڕاست ئەو لە نامەکەدا نووسیویەتی کە بۆچی خۆی کوشتووە؟
چیمکرد! من هەرگیز لەو باوەڕەدانەبووم کەئینسان پرسیارێکی ئاوا ناخۆش لەدەمی بێتەدەرەوەو فریای ئەوەنەکەوێت بەری پێبگرێت.
بەڵام ئیدی قەوماو دۆن کلاریسا لەجێگای خۆیدا ڕەق ڕاوەستا، دەستی بەدەرگا کراوەکەی مەسعەدەکەوەبوو چاویشی بەدیقەتەوە بڕیبووە من.
هێندە خەجاڵەتبووم دەمووویست بچم بە ناخی عەرزا.
خۆشبەختانە لەویادا زەنگی مەسعەدەکە لێیداو دۆن کلاریساش ڕاچڵەکی، دەرگاکەی بەرداو لە شڵەژاویدا دەستی گرت بە ناوچەوانییەوە. وا دەهاتە بەرچاو وەک ئەوەی لەپڕ شتێکی بیرکەوتبێتەوە، ئەو پاکەتەی کە لە ژێر باڵیدا دانابوو دەستیدایە و لەبەردەممدا ڕایگرت.



هاوڕێ نیگارکێشەکەم ئەمەی لەسەر پاکەتەکەی نووسیبوو: ’بۆ ئەو هاوڕێیەی کە تاوڵەم لەگەڵدا دەکرد‘.
ـ من لەوەدابووم بڕۆم کاتێک پاسەوانی دەرگاکە داوایلێکردم کە ئەمە بدەم بە تۆ، ئەمەی پیووتم و چاوی داخست و بە دەنگێکی نزم ووتی:
ـ نا، ئەو خۆی نەکوشتووە، ئەو مردووە وەک... وەک هەرکەسێکی تر کە ڕۆژێک لەڕۆژان دەمرێت.
دواتر ئەو ووتی ’خواحافیز‘ و بەپەلە چووە دەرەوە.
وەستام و سەیری دەستوخەتی هاوڕێکەم کرد بەسەر پاکەتەکەوە.
خێرا لەویادا سەعاتی هاوڕێکەم بیرکەوتەوەو بەپەلە چوومە دەرێ.
چونکە... ئەگەر کلاریسا کلیلی ماڵەکەی لابوایە، ئەوا دەیتوانی لەگەڵمدا بێتە سەرەوەو زنجیری میقاتکردنی سەعاتەکە ڕابکێشێت.
بەڵام ئەو دەمێک بوو لەوناوە نەمابوو. پاکەتەکەم کردەوە. سندوقی تاوڵەکەبوو (دەکرێت لە ناو قەدەوە بینوشتێنیتەوەو بیکەیت بە سندوقێک، دەتوانی داشەکان و زارەکانیشت تێدادابنێیت).
دڵمخۆشبوو بەوەی هاوڕێکەم منی لەبیربووەو ویستویێتی ئەم تاوڵەیە بۆ من بێت. بەڵام لەوەش باشتر، باشتر لەتاوڵەکەش، ئەوەبوو کە دۆنا کلاریسا کاتێک قسەی لەگەڵ کردم سەیری نەکردم و سەری خۆی داخست.
مردنیش بۆ من شتێکە وەک ڕەنگی سوور، شتێکە کە زەحمەتە تێیبگەیت. بەڵام ئەگەر بێت و بەهەمان شێوە وەک چۆن ڕۆژانە مردن بۆ لای زۆر خەڵک دەچێت ڕەنگی سووریش ئاوابێت، ئەوا ئەوکات کەمێک ئاسانترە کە تێیبگەیت.

دواتر چوومەوە سەرەوە بۆ ماڵی خۆمان، به درێژایی ئەو وەختەش ڕستەیەک به مێشکمدا هەردەهات و دەچوو: ئەو بەچەشنێک مرد وەک هەرکەسێکی تر کە ڕۆژێک دێت و دەمرێ. لەویادا شتێک ڕوویدا کە من پێموابوو زۆر خۆشبوو: ڕەنگێکی زەرد لەناو ئەو ڕەنگە سوورەدا کە هەمبوو کەوتە چەکەرەکردن.

سێشەممە

ئەمڕۆ کاتێک کە لە حەمامەکە دەهاتمە دەرەوە گوێملێبوو خاوەنماڵەکە لەدەرگای ماڵی ئێمەوە دەهاتە ژوورەوە (خاوەنماڵەکە باوکی ئەو کچەبوو کە دایکی مریشکەکەی لە فڕنەکەدا لەبیرچوبوو).
بەپەلە قوچاندم و ڕامکردە ژورەکەی خۆمەوەو دەرگاکەم بەکلیل داخست. لەبەرئەوە وامنەکرد کە ڕەنگبێت ئەو بەڕووتی بمبینێت، بەڵکە لەبەرئەوە بوو کە من چارەی خاوەنماڵەکەم نەدەویست.
جارێکیان ووتی "ئەو نیگارکێشە بۆیە وێنەی ئافرەتان بە ڕەنگی زەرد دەکێشێت  لەبەر ئەوەیە کە ناتوانێت ڕاست و ڕەوان وێنەی ئافرەتان بکێشێت بەو شێوەیەی کە هەن".
کەسی وەکو ئەم فڕی بەسەر هونەری وێنەکێشانەوە نییە.
جارێکی کەش من لەسەرەوە بووم و یاری تاوڵەم دەکرد، لە زەنگی دەرگا درا. کاتێک کەدەرگاکەم کردەوە، دووکەس وەستابوون و وتیان لەپۆلیسەوە هاتوون و ئیتر منیان لەوێ ئیزندا.  ئەوان دەیانویست بەتەنها لەگەڵ هاوڕێکەمدابن تا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن. دواتر زانیمان کە خاوەنماڵەکە چووەو بە پۆلیسی وتووە کە هاوڕێکەم لەم ماڵەدا دەژی.
کەسێکی وەک ئەم خاوەنماڵە لێناگەڕێت خەڵکی خەریکی کاروباری خۆیان بن.



سەرباری ئەوەش،  هەمیشە کاتێک کە خاوەنماڵەکە دێت بۆ ماڵی ئێمە،  بۆ ئەوەدێت تا گلەیی لەیەکێک لە کرێچییەکان بکات یاخود بۆ ئەوەدێت دایک و باوکم ڕاپێچبکات بۆ کۆبوونەوەی کرێچییەکان (ئەمەش ئەوان تووڕەدەکات).
بۆیە زۆر بەباشمزانی لە ژورەکەمدا خۆم بێدەنگ بکەم.
بەڵام دوای قەیرێک گوێملێبوو ئەوان ناوی هاوڕێکەی منیان هێنا، ئیتر منیش گوێملێگرتن تابزانم لە ژووری میوانەکەدا باسی چی دەکەن. ناچاربووم دەرگاکە بکەمەوە تاگوێم لە قسەکانی باوکم بێت. کە سەبارەت بە خۆکوشتن قسەی دەکرد، هەموو جارێکیش کە دایکم و باوکم ئەم باسەیان دادەمەزراند دەنگیان نزم دەکردەوە. بەڵام خاوەنماڵەکە وانەبوو، ئەو کە قسەدەکات گرمەی دێت! کاتێکیش بەسوکی قسەدەکات، لە خوارەوەی شەقامەکەوە گوێت لەدەنگی دەبێت کە چی دەڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەو دەنگە زل و ناسازەیەوە کە هەیەتی دەیووت هاوڕێکەم بەهۆی بیروباوەڕی سیاسی خۆیەوە  پەڵەیەکی ڕەشی پێوەلکێنراوە (من  تۆزقاڵێک چییە لە مانای ئەو وشانە تێنەدەگەیشتم)،  ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش خۆیکوشتبێت.
- تۆ بیر لەوەش بکەرەوە، تۆ بڵێی ئەو پێیوانەبوویێت کە جارێکی تر ڕاپێچی زیندانی بکەنەوە؟ دایکم دەیپرسی.
دواتریش هەر قسەوباس بوو لەسەر گرتن و سیاسەت و میاسەت.
نەمتوانی لەوە زیاتر دانبەخۆمدابگرم و بێدەنگبم بۆیە چووم بۆ ژووری میوانەکە و ووتم:

- دۆنا کلاریس ووتی هاوڕێکەم وەک هەر کەسێکی تر کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمرێت ئەویش وا مردووە. وە ئەمەشی کە کردوێتی بە مەبەستەوە نەیکردووە.
- دیارە ئەو ناچارە وابڵێت، خاوەنماڵەکەمان ووتی.
من وەڵامم دایەوەو لەهەمانکاتیشدا سەیری باوکمم دەکرد ووتم:
- دۆنا کلاریس زیاد لەهەرکەسێکی تر ئەوی باشتر ناسیوە، وە سوورە لەسەرئەوەش و دەڵێت کە ئەو بە مەبەست ئەم کارەی نەکردووە.
- ئەو ناچارە کە وابڵێت، سەرلەنوێ بەدەنگە ناسازەکەیەوە وایووتەوە، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک نەتوانێت لای خۆیەوە بڵێت کە ئەو لە پێناوی ئەمدا خۆی کوشتووە.
من هەر سەیری باوکمم دەکرد، باوکیشم بەردەوام سەیری منی دەکرد.
- بەڵام کەوایە لەپێناوی چیدا ئەمەی کرد، ها؟ من پرسیارم کرد.
- لەبەر ئەوەی ئەو نەخۆشبوو، کوڕی من.
- نەخۆش؟ ئێمە ڕۆژێک پێش ئەوە یاری تاوڵەمان کرد پێکەوە. سێ دەست یاریمان بەسەریەکەوە کرد. ئەو هیچ شتێکی نەبوو.
- ئالێرەدا نەخۆشبوو، باوکم وای ووت و هێمای بۆ سەری کرد. کەسێک ئەو کارەی ئەو دەکات کە لێرەدا زۆر نەخۆشبێت.
- بەڵام ئایا ناکرێت باشتر بۆم ڕوونبکەیتەوە تامنیش بتوانم بەتەواوەتی تێبگەم کە چی ڕوویداوە؟
دایکم ووتی تازە درەنگە و ئێمە بیرمان لای کۆبوونەوەی کرێچیەکانە.



من بەم قسەیە شڵەژام:
- بەڵام خۆ ئەو هاوڕێی من بوو!
خاوەنماڵەکە هەستاو ووتی:
- کەواتە، با بڕۆین؟
- ئەو باشترین هاوڕێی من بوو لە هەموو دنیادا! ئەو خۆی ووتی کە تەمەن هیچ ڕۆڵێک نابینێت گەر ئینسان هاوڕێی ڕاستەقینەی یەکتربێت. من دەمەوێت هەمووشتێک سەبارەت بەم مەسەلەیە بزانم، وەناشمەوێت باوەڕبەوەبهێنم کە هاوڕێکەم بە مەبەست مردنی هەڵبژاردووە؟!
دایکم باوەشی پیاکردم:
- کلاودیۆ، بۆت نییە ئیتر لەوە زیاتر بیر لەمە بکەیتەوە. لەتەمەنی تۆدا بیر لە ژیان دەکرێتەوە نەک مردن. خۆ تۆ هاوڕێی تریشت هەیە...
- من ئێستا بەهەمان شیوەی جاران ئەوم خۆشناوێت.
- ... زۆر زانست و یاری و داهێنان هەن چاوەڕێی تۆ دەکەن. واز لەو بیرکردنەوەیە بێنە کە ئەو چی بەسەرهاتووە، بیر لەم ژیانەی ئێستا بکەرەوە کە لەبەردەمتایە، کوڕەکەم!
بەبێ ئەوەی هیچ تێگەیشتبم، دایکم ڕۆیشت و من لەوێ مامەوە. دواتریش گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم.
پێموابوو باوکم زیاتر ڕاستگۆتربێت لە دۆنا کلاریس. نەک لەبەر ئەوەی کە باوکمە بەڵکە لەبەرئەوەی هەمووکاتەکە سەیری چاوی دەکردم، بەڵام دۆنا کلاریس چاوی دانەواند.

بەڵام من دڵنیا نەبووم، تەنها شتێکیش کەبیرم لێدەکردەوە ئەوەبوو کە دەمووت:

تۆ بڵێی بە راستی ئەو قسەیەی کە باوکم ووتی وابێت؟

بەڵام خۆ ئەگەر ئەمە ڕاستبوایە، بەڵام بۆچی ڕاستیشبێت؟

هاوڕێکەم زۆر حەزی بە وێنەکێشان دەکرد، حەزی دەکرد یاری تاوڵەبکات، نانبخوات، بیربکاتەوە. ئەو حەزی دەکرد گوێ لە زەنگی سەعاتەکە بگرێت کە لێیدەدا، ئەگەر لە ژوورەکەیەوە چاوی بەگوڵێک بکەوتایە لەخوارەوە، ئەوا خێرا دەچووە بەر قەراغی پەنجەرەکەو بە منی دەووت: سەیرکە، چەندە جوانە.

کەچی ئەو ڕۆیشت و کۆتایی بەهەموو ئەو شتانە هێنا کە بەلایەوە زۆر جوان بوون؟

ئەگەر ئەو لەکاتێکدا خۆی چەماندبایەتەوە بۆ ئەوەی گوڵێک ببینێ و لەپەنجەرەکەوە بکەوتایەتە خوارەوە.

یان شتێک لە قوڕگی گیرابایە یاخود بەتەواوەتی پیربوایە، قەیناکا، بەڵام بۆ ئا بەم شێوەیە بمرێت؟ تۆ بڵێی بەڕاستی لەدڵی خۆیدا بڕیاری دابێت و وتبێتی: ُ هەر ئا ئێستا من کۆتایی بەم ژیانە دێنم.ُ

بەڵام بۆچی، بۆچی، بۆچی؟

سندوقی تاوڵەکە کرابۆوە (ڕۆژی سێشەممان، ڕۆژی یاریکردنمان بوو)، ئەو دەفتەری وێنەیەش کە دابووی پێم لەسەر وێنەیەکی ئاویی کرابۆوە. بەلەمێکی زەردبوو لەوەدابوو نوقوم دەبوو لە دەریایەکی ڕەنگ... چ ڕەنگێک بوو ئەو ڕەنگە؟



ڕەنگی بێجی نەبوو.

ڕەنگی قاوەییەکی ڕووناکیش نەبوو.

نزیک بوو لەو ڕەنگەی کە هاوڕێکەم زۆر حەزی پێدەکرد و پێی دەوت ڕەنگی زەردەگڵ*. بەڵام ئەو ڕەنگەش نەبوو.

دەریاکە نە ڕەنگی پەمەیی بوو نە پرتەقاڵی. دەبوو چ ڕەنگێک بێت ئەو ڕەنگە؟

دۆزیمەوە ئەو ڕەنگە ڕەنگی تاسەکردن بوو، ئا خۆیبوو هەر ئەو ڕەنگەبوو.

هاوڕێکەم بۆ ئەوەی شێوەی گۆڕانی ڕەنگە ئاوییەکانم پیشانبدات وێنەیەکی ئاوی تری لە لاپەڕەکەی بەرامبەریدا دروستکرد بوو: دواتر بەلەمەکە لەناو دەریا ڕەنگ تاسەییەکەدا نوقوم دەبوو سەرلەنوێ دەکەوتەوە سەرئاو، ئەو ڕەنگە زەردە لەویادا گۆڕابوو بە ڕەنگێکی جیاوازو سەیر، من بەهیچ شێوەیەک حەزم بەڕەنگێک نییە ئاوابێت، بۆیە بیرمکردەوە ئەو ڕەنگە بەناوی خاوەن ماڵەکەوە ناوبنێم.

تا زیاتر سەیری ئەو بەلەمەم بکردایە، زیاتر هەستم دەکرد کە دۆنا کلاریس درۆی لەگەڵ کردووم. زیاتریش باوەڕم بەوە دەهێنا کە خاوەنماڵەکە لەو ڕەنگە زەردە دەچێت، هەروەها تاڕادەیەکی زۆریش هەستم دەکرد کە من بەلەمەکەم: چواردەورم پڕە لە ڕەنگی تاسەکردن. [1]

---

[1]*ڕەنگی زەردەگڵ: ُسینەُ ، خۆڵێکی دەوڵەمەندە بە ئاسن کە بۆ ڕەنگ دروستکردن بەکاردێت، ڕەنگی زەردێکی مەیلەو قاوەییە.

ڕەنگی تاسەکردن تادەهات زیاترو زیاتر سوور هەڵدەگەڕا، چونکە چەندەها شت هەبوون کە بەلای منەوە تێگەیشتنیان لەڕادەبەدەر زەحمەتبوو.
هەروەها ئەمە مانای ئەوەشە کە دۆنا کلاریس درۆی لەگەڵ کردووم، بەڵام بۆچی؟!
(کەوابێ ئەو بەڕاستی بەقەناعەتەوە خۆی کوشتووە. بەڵام بۆچی؟)
باشە ئەی بۆچی مرۆڤەکان هەموویان ئەوەندە نهێنیگیرن کاتێک پەیوەندی بە شتێکی ئاواوە بێت؟ دەنگیان نزم دەکەنەوە؟ تەنانەت مەسەلەی خۆکوشتن وەک وشەیەکی دزێو دەخەنەبەرچاو... بۆچی؟!
ئەگەر یەکێک زیندانی بکرێت لەسەرئەوەی کە کەسێکی کوشتووە یان دزی کردووە، ئاسایی هەموو ئەوانەی کە هاوتەمەنی منن ئەمە دەزانن. بەڵام ئەگەر بڵێی ُکەسێک زیندانییەکی سیاسییەُ، ئەوا هەرگیز ناتوانین بزانین ئەمە لەڕاستیدا مانای چییە. وە بۆچی؟
تا زیاتر پرسیاری تر قوتببونایەتەوە ڕەنگە زەردەکەی منیش زیاتر وەک ڕەنگی خاوەنماڵەکەی لێدەهات، ڕەنگی تاسەکردنەکەش زیاتر تەشەنەی دەکرد.
هەموو ئەو ڕەنگە سپییەش کەبڵاو دەبێتەوە هۆی لێنەدانی سەعاتەکەیە. سندوقی تاوڵەکەش لەولاوە بوەستێت کە لەویادا کەوتووەو سەیرمدەکات وەک ئەوەی پێمبڵێت ئەمرۆ ڕۆژی یاریکردنە، کەواتە بۆیە ڕەنگی تاسەکردنەکەش ناچارە گەورەو گەورەتربببێت. ئەگەربێت و ئەو ڕەنگە بەو شێوەیە تەشەنەبکات، ئەوا ئیتر من نازانم کە دواتر چیتر ڕوودەدات.

چوارشەممە

لە ناو دەفتەری وێنەکاندا وێنەیەک هەیە پڕاوپڕ ڕەنگی تاسەکردنی هەیە، لەوسەری وێنەکەوە سێ ئینسان وەستاون، سپییەک و دوو شین. تاڕادەیەکی زۆر ژیان لەسیمایاندا بەدیناکرێت، ناشزانم ئەمە بۆچەندەهەمین جارە کە من لەسیمایان ورددەبمەوە تاکو بزانم ڕەنگوڕوویان ڕەنگوڕوویەکی ژنانەیە یان پیاوانە.

زۆر حەزدەکەم بزانم کە هاوڕێکەم بیری لەچی کردۆتەوە کاتێ کە ئەم سێ فیگورەی کێشاوە. حەزەدەکەم بزانم تابتوانم بەراوردیان بکەم. چونکە دوێنێ خەونم پێیانەوە بینی. بەڵام لەبەرئەوەی کە زۆر خەوتبووم، ناچاربووم زوو هەستم و بڕۆم (خەریکی مەشقکردن بووین لە شانۆنامەیەکدا لە قوتابخانە و دوانیوەڕۆکەشی پرۆڤەمان هەبوو)*. [2]کاتێکیش کە پرۆڤەی شانۆنامەکە تەواوبوو، من خەونەکەم لەبیرچوبۆوە. تەنها شتێک کەدەهاتەوە بیرم ڕەنگەکان و ئەو سێ فیگورەبوون، بەڵام چیتر تانوپۆی ڕووداوەکانی خەونەکەم لەیادنەمابوو.

[2] کاتێک کەچووم بۆ بەشداربوون لە شانۆنامەکەدا پەشیمانی گرتمی. ئاخر منێکی شەرمن و ترسنۆک بیرم لەوەنە کردوەتەوە ببم بە ئەکتەر، من حەزدەکەم ببم بە نیگارکیش، ئەمەش ئەوەیە کە من دەمەوێت.



خەون چەند سەیرە، ئینسان خەبەری دەبێتەوەو کەچی لەناوەوەشیدا چەندەها شت ڕوویانداوە، هەر دوای ساتێکی کەمیش لەپڕ هەموو ئەو شتانەی لەبیردەچێتەوە کە لە خەونەکەدا ڕوویانداوە.

من بڕیارمدابوو بوەستم تا هەرچۆنێک بووە ئەو خەونەم بیربکەوێتەوە کەبینیبووم، کەچی وام نەکرد. تەمەنایەکی زۆرم خواست ڕووداوەکانی خەونەکەم بیربکەوێتەوە، هەربۆیە شەوێش سەرلەنوێ خەونم بە هەرسێکیانەوە بینییەوە کە بەهەمان ڕەنگی جاری پێشویانەوە بوون.

بەڵام ئێستا نازانم کە ئەو خەونە هەر هەمان خەونی یەکەم بوو سەرلەنوێ بینیمەوە یان چۆن، بەهەرحاڵێک، من ئێستا دەمەوێت خەونی دوهەمیان چۆن بووە ئاوا بیگێڕمەوە پێش ئەوەی ئەمیشیانم لەبیربچێتەوە.

پەردەکە ڕەنگی تاسەکردنی هەبوو. من لەسەر کورسییەکی شانۆکە دانیشتبووم و سەیری پەردەکەم دەکرد، کاتێکیش پەردەکە هەڵدرایەوە سەر شانۆکە چۆڵ بوو. هیچ دیکۆرێکی تێدانەبوو، تەنانەت کورسیەکیش چییە تێیدا نەبوو.

هەموو سەرتەختەی شانۆکەش هەمان ڕەنگی پەردەکەی هەبوو، ئەو بینەرانەشی کە لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون جگە لەو ڕەنگی تاسەکردنە هیچ شتێکی تریان نەدەبینی.

سەعاتەکە بەزەنگێکی خۆش دەستی بە لێدان کرد.

من تا دوانزە زەنگم ژمارد.

بەڵام سەعاتەکە خۆی نەیدەتوانی پیشانیبدات کە دوانزەی نیوەڕۆیە یا دوانزەی شەوە، هەرەها لە ڕێگەی زەنگەکەشەوە نەدەزانرا کە شەوە یان ڕۆژ.

کاتێکیش سەعاتەکە لە زەنگلێدان کەوت هەر سێ فیگورەکە هاتنە سەر تەختەی شانۆکە. هەرسێکیان بەقەدەر یەکبوون، بەتەنیشت یەکەوە نوسابوون و دەڕۆیشتن، سپییەک و دوو شین. من هەر خێرا کە چاوم بە سپییەکەیان کەوت، بینیم کە ئەوە هاوڕێ نیگارکێشەکەمە و ڕۆڵی خێودەبینێت. باوەڕم پێبکە ـ ترسام.

من نەمدەزانی دوانەکەی تر چ ڕۆڵێکیان دەگێڕا. بەڵام ئەوان شینێکی وا تۆخ و پڕ لە ژیان بوون کە وای لەسەر تەختەی شانۆکە دەکرد شەوق بداتەوەو ڕەنگی تاسەکردنەکەش تۆختربنوێنێت لەوەی کە هەبوو. هەروەها ئەو ڕەنگە لە ناخی منیشدا تۆختربۆوە.

کاتێک سەیری هاوڕێکەم کرد کە بوو بوو بە خێو، هەستم بەو ڕەنگی تاسەکردنە کرد و بینیم، ئیتر من خۆم لەبەردەم ئەو تاسکردنەدا بۆ ڕانەگیرا و دامە پرمەی گریان.

گریانەکەشم گریانێکی بێدەنگ نەبوو.

هەموو ئەوانەی لەهۆڵەکەدا دانیشتبوون کەوتنە وسکردن لێم:

ـ وس!

ـ وسس!

ـ وســـــبە!!

بەڵام من هەر بەدەنگی بەرز بەکوڵ دەگریام و دەگریام. ئۆی، کە چەند عەیب بوو! هاوڕێکەم لەسەر تەختەی شانۆکە وەستا،



دوانەکەی تریش لەگەڵ ئەودا وەستان. ئەوان نە لەجێگەی خۆیاندا جولان و نە یەک فزەشیان کرد.

بینەران تا دەهات وەڕستر دەبوون، هەموویان پێکەوە قاچیان بەعەرزدا دەکوتاو چەپڵەیان لێدەداو فیکەیان دەکێشا. سەرباری ئەمەش ئەوان هیچ نومایشتێکیان پێشکەش نەکرد.

حاڵەتەکە تا دەهات سەیرو سەمەرەتر دەبوو، ئیتر من دەستم لەگریان هەڵگرت. دیسان سەیری هاوڕێکەم کردەوە. ئەو دەستی لە گرفانی دەرهێنا و (من جێیەکم لەپشتی پشتیشەوە بەرکەوتبوو، کەچی لەوێوە دەستی ئەوم دەبینی: دەستی پەڵەپەڵەو ڕەنگاوی بوو فڵچەیەکیشی پێبوو). بە فڵچەکە هێمای بۆ کردم کە بچمە پێشەوە بۆلای.

بینەرەکان وازیان لە فیکەلێدان و تەپەتەپکردن هێنابوو هەموویان سەیری منیان دەکرد.

لەجێگەکەی خۆم هەستام و بەرەو تەختەی شانۆکە چووم. ئەژنۆم دەلەرزی و بەزەحمەت دەمتوانی بڕۆم. نازانم لەبەر ئەوە شەرمم دەکرد کە دەمزانی هەموو ئەو خەڵکە سەیری من دەکەن، یاخود لەبەر ئەوەبوو کە دەترسام نزیکی هاوڕێکەم ببمەوە کە لەویادا بوو بوو بە خێو.

هەرچۆنێک بوو من چومە پێشەوە بۆلای. بە گوێمدا چرپاندی:

ـ ئەی ئێستا، کلاودیۆ؟

ـ ئێستا چی؟

- نازانم کەسێک کە دەبێت بە خێو دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکات. من چی بکەم؟

دڵم خێراتر کەوتە زرم و کوتکردن، زۆر بە سوکی چپاندم بە گوێیدا:

- ئەی چۆن تۆ پرۆڤەت لە شانۆنامەکەدا نەکردووە؟

سەرێکی لەقاند.

- ڕۆڵەکەی خۆتت لەبەرنەکردووە؟

- فریا نەکەوتم. ئەوان ئەم جلەیان لەبەرکردم، پاڵیان پێوەنام بۆ سەر تەختەی شانۆکەو پێیان ووتم ئێستا تۆ خێویت، تەنها ئەوەندەو تەواو.

- ئەی ماڵێکتە!

بینەران سەرلەنوێ دەستیان کردەوە بە تەپەتەپ کردن. من بە چرپە پێمووت:

- پێیان بڵێ کە ئەم دووانە دەبێت دەستبکەن بەنمایشتکردنی شانۆگەرییەکە.

- کامانە؟

- ئەو دوانەی کە لەتەنیشتی تۆوەن.

- پێموتوون. بەڵام ئەوان دەڵێن ئێمە کۆرسین.

- چی؟

- ڕۆڵی ئەوان ئەوەیە کە یارمەتی ڕوونکردنەوەی مێژووی ژیانی من بدەن. ئەگەر من مێژووی خۆم نەگێڕمەوە، ئەوا ئەوان هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان نابێت.

- جا چیبکەین...!



- دەی ئێستا، کلاودیۆ، من چی بڵێم و چی بکەم؟ سەیرکە، هەمووان دانیشتوون و چاوەڕوانن، ئەوەتا بینەران دەستیان کردۆتەوە بە هوهاکێشان.

- بڕۆ لێرە بڕۆ! پێیان بڵێ کە من نامەوێت خێوبم.

- ناتوانم.

- بۆچی نا؟

- چونکە من عاسیبووم، جلەکانم بەبەرمەوە نووساون و بە جلەکانی ئەوانیشەوە دوراوە.

چوومە پشتی هاوڕێکەمەوە تا بزانم دەکرێت ئەو سپییە لەو شینانە لێبکەمەوە بەبێ ئەوەی کەس هەست بەشتێک بکات. بەڵام چیم بینی؟

- نەدووراوە! بەڵکە ڕەنگ کراوە.

- ئاه، کەواتە لەیەک جیاناکرێنەوە.

بوو بە هەراو هوریایەکی زۆر لە هۆڵەکەدا. هەموان بەجارێک هاواریان دەکرد.

- ئەمە چییە؟ ئەرێ شانۆنامەیەک نومایشت دەکرێت یان نا؟

من زۆر شڵەژام و دیسانەوە دامەوە پرمەی گریان. هاوڕێکەم ترسا.

- بەگریان هیچمان بۆناکرێت، تۆ دەبێت یارمەتیم بدەیت! یارمەتیم بدە، یارمەتیم بدە.

ناچاربووم شتێک بەخێرای بدۆزمەوە تا هاوڕێکەم ڕزگاربکەم. هاناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا، هەناسەیەکی وا کە ئینسان کاتێک بیەوێت ژێرەمەلەبکات هەناسەی وا هەڵدەکێشێت، چوومە پێشەوەی شانۆکەوەو دەستم کرد بە ووتنی سرودی نیشتمانی.

بینەران وازیان لەهاوارکردن هێنا. لەگەڵ مندا دەستیانکرد بە ووتنی سرودی نیشتمانی. لەو ماوەیەدا ئەوەندە فریاکەوتم بیرلەوە بکەمەوە کە دواتر دەبێت چیبڵێم.

سرودە نیشتمانییەکە تەواوبوو، هەموان پێکەوە چەپڵەیان لێدا. ئینجا من ووتم:

ـ بینەرانی بەڕێز، دەتوانم داواتان لێبکەم سەرنج بدەن! من مێژووی ئەم خێوەتان بۆ دەگێڕمەوە. ئەمە مێژوویەکی کورتە چونکە ئەم خێوە هێندە نییە مردووە. ئەم کاتێک بوو بە خێو کە زەمەنێکی هەڵەی هەڵبژارد بۆ مردن. من هەرگیز باوەڕم نەدەکرد شتێکی لەم جۆرە ڕووبدات. بەڵام کەچی ئەو ئەمەی کرد. لەڕاستیدا ئەم لەپێشدا دەیویست زۆر پیربێت ئەوکاتە بمرێت، بەڵام ئەم هونەرمەندبوو، نیگارکێش بوو - ئێوە تەنها سەیری ئەو فڵچەیە بکەن کە بەدەستیەوەیەتی - ئەم لە هەموو ژیانی خۆیدا تەنها بیری لەڕەنگ کردۆتەوە. کاتێکیش کە بەیانیان بێداربۆتەوە وەک خەڵکانی ئاسایی تر نەیوتووە:

ـ ُمن خەمبارم، من شادمُ، بەڵکە وتویتی:

"من ئەمڕۆ مۆرم
ئەمڕۆ بووم بە زەرد!
کاتێک ئەمڕۆ خەبەرم بۆوە بەرەو مۆربوون دەچووم،
بەڵام لەگەڵ زەردەی ئێوارەدا زەردتر دەچوومەوە."

مردووترین ڕەنگ بۆ ئەم زیاتر ئەو تەمە چرە بوو. هەندێک بەیانی ئاسمان سەرتاپا شین دەچۆوە، بەڵام دوانیوەڕوانیش دەبوو بە تەم، ئەم ڕاهاتبوو دەیووت:



ُ ئەوەی ئەم بەیانییە هەبوو ژیان بوو،
کەچی ئێستا خۆی گرژ دەکاتەوە و ئینسان دەخاتە سەر سەودای مەرگ.ُ

لەم ڕۆژانەدا تابڵێی تەمێکی زۆر زۆر ناخۆش هەستابوو. نیگارکێشەکە لەپەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەیری دەرەوەی کردبوو. ئەو هیچ شتێکی تری نەبینی بوو جگە لەو تەمەی کە هەرچی ناوی ڕەنگ هەبوو هەڵیلوشیبووە ناو خۆیەوە. وەک هەموو جارێکی تر هاوڕێکەم وتبووی: ُ کەچی ئەمڕۆ خۆی گرژ دەکاتەوە و ئینسان دەخاتە سەر سەودای مەرگ ُ..

ئەو تەمە ئەستوورە هەمیشە لەکاتی خۆیداو بە زوویی دەڕەوییەوە. کەچی ئەم جارەیان نەڕەوییەوە. تەمێکی چڕوو درێژی وابوو کە هەموو ئەو پاش نیوەڕۆیە مایەوە، بەدرێژایی شەویش هەروابوو. لەگەڵ هەر سەیرکردنێکی جارناجاری ئەو تەمە لەپەنجەرەکەوە، نیگارکێشەکە زیاتر حەزی مردن ئابڵوقەی دابوو. ئەو بەهەڵداچوو بوو لەبەرئەوەی - وای زانیبوو کە ئەو حەزە بە مردن کردنە هەرگیز لێی دوورناکەوێتەوە، بۆیە ئیتر بڕیاریدابوو کە خۆی بکوژێت.

هەڵەیەکی هێندە شێتانەی کردووە، هەر مەپرسن، چونکە کاتێک ڕۆژی داهاتوو خۆر هەڵهاتووە ئاسمان سەرتاپا ڕەنگێکی شین و گەش و جوانی هەبووە.

بەڵام تازە بەچیدەچێت ئەو کاتە نیگارکێشەکە دەمیک بووە، بووە بە خێو.

هەر ئەو کاتەی کە گەیشتمە کۆتایی مێژوویی ئەم بە خێوبوونە، لامکردەوە بە لای یەکێک لەو فیگورە شینانەی کە نزیکبوو لێمەوە، بەچرپە پێمووت:

ـ ئەمە مێژوەکە بوو. دەی تۆش ڕوونکردنەوەیەک بڵێ و قسەبکە. شتێک بڵێ، هەرچ شتێک بێت.

بەڵام هیچی نەووت! هەردووکیان زۆر بەتوڕەییەوە سەیریان کردم، ئەوەیان کەڕەنگێکی تۆختری هەبوو بە چرپە ووتی:

ـ ئێمە هەڵەی وەک ئەو ناکەین. ئێمە ڕۆڵەکانی خۆمان لەبەرکردووەو دەقەکەی خۆمان نمایشت دەکەین، بەتەواوەتیش دەزانین کە چی دەڵێین.

ـ کەواتە دە بیڵێ!!

ـ بەڵام ئەو ڕوونکردنەوەی کە ئێمە دەیزانین هیچ پەیوەندییەکی بەو بەسەرهاتەی تۆوە نییە کە گێڕاتەوە!

ئەوان بە مرومۆچترین و بێدەنگترین سیمایانەوە لەویادا چەقیبوون.

بینەران دەستیان کردەوە بە هوهاکێشان.

یەکێک هەستایە سەرپێ و پرسی:

ـ تکایە تۆ پێمان ناڵێیت ئەم ئەکتەرانە لەویادا خەریکی چین، لە جێی خۆیاندا وا ڕەق ڕاوەستاون و یەک ڕۆڵی پچوکیش چییە نایبینن.

لەپڕ ڕوونکردنەوەیەکی ژیرانە بە مێشکمدا هات و ووتم:

ـ ئەمان ڕۆڵی تابلۆیەکی زیندوو دەگێڕن. ئەمە ئەو ڕۆڵەیە کە دەیگێڕن! ئایە بەڕێزتان دیقەتی ئەمەتان نەداوە؟ ئەمان یەکێک لە تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە پیشاندەدەن. تابلۆش ئینسان دەبێت سەیریبکات، نەک گوێی لێبگرێت.



کاتێک کە ئەمەم ووت و هەناسەیەکی ئیسراحەتم هەڵکێشا، ئەو بێ ئەقڵە سەرلەنوێ پرسیاری کردەوەو ووتی:

ـ کەوابێ تۆ مێژووی ئەم خێوەت بۆچی گێڕایەوە؟

لەویادا هەرچی بیرێکی ژیرانە هەبوو لە مێشکمدا نەماو منیش لە جێگاکەی خۆمدا چەقیم. هاوڕێکەم چپاندی بە گوێمدا:

ـ بڵێ لەبەرئەوە بوو کە تەمێکی زۆر هەستابوو، ئەمانیش دەبێت ووریابن تا هەمان هەڵەی من دووبارە نەکەنەوە.

ـ لەبەرئەوە بوو کە تەمێکی زۆر هەستابوو، ئەمانیش دەبێت ووریابن تا هەمان هەڵەی من دووبارە نەکەنەوە.

ـ مەبەستم ئەوەیە بڵێم وەک ئەم هەڵەیەی کە ئەم کردویتی.

ـ ئیتر لەویادا من خەبەرم بۆوە.

چونکە ئەو بێ ئەقڵە وای پێوتم و هەموو خەڵکەکەش سەیریان دەکردم، ئیتر لەوە زیاتر نەمتوانی خۆم ڕابگرم و خەبەرم بۆوە.

شەممە

کوڕێک لە پۆلەکەی مندایە هاوڕێمە. بەڵام هێندەی من و هاوڕێ نیگارکێشەکەم هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی یەکتری نین، (هەندێک ڕۆژی واش هەیە بیرلەوەدەکەمەوەو دەڵێم تۆ بڵێی بتوانم زیاد لە یەک هاوڕێی ڕاستەقینەم هەبێت)، دوێنێ لە کاتی پشودانی نانخواردنی بەیانیدا من و ئەو کەوتینە سەر ئەم باس و خواسە لەسەر وێنەکێشانی دڵێک.

هەمووشی لەوەوە دەستییپێکرد کە من خەریکی دروستکردنی وێنەی دڵێکبووم. تەنها ئەوەندەبوو کە لەبری ئەوەی دڵێک بەڕەنگی سوور دروستبکەم بە ڕەنگی قاوەیی کردم.

هەروەها لەبری ئەوەی وێنەکە لە وێنەی دڵێک بچێت وەک چۆن هەموو خەڵکی بیریان بۆی دەچێت، دڵێک بوو ئەملاولاکەی ڕێک و تەخت بوو کلکەکەشی بێکۆتایی درێژبووبوەوە، بەچەشنێکی وا کەئیتر کەس نەیدەزانی ئەو پارچەیەی تری کە ماوە چۆن چۆنییە.

کاتێک کە لە کێشانی وێنەکە تەواوبووم، پیشانی هاوڕێکەم دا:

ـ بەڕاست ئەمە چییە؟ ئەو پرسیاریکرد.

ـ جوان دیارە کە چییە.

ـ چی جوان "دیارە"،

ـ ئینسان نازانێت ئەمە چییە؟



ـ حاشا.

ـ کەواتە هەڵیبێنە کە چییە.

ـ بەهیچ شێوەیەک نازانم.

ـ دڵی منە.

ئەو هەر سەیری دەکردو لێی ورددەبۆوە. منیش لێمپرسی.

ـ هەتا ئێستاش هەر هیچ نابینیت؟

ـ نـا، نابینم! جارێ پێش هەرشت دڵ سوورە.

ـ ڕەنگە، بەڵام ئەمە دڵی منە.

ـ یەعنی چی؟ تەنها لەبەر ئەوەی دڵی تۆیە، ئیتر نابێت سووربێت؟

ـ نا، وانییە. من خەمبارم بۆیە دڵیشم وایە، بۆیە واش دیارە وەک ئەوە وایە لێدرابێت و ئەملاولای تەختبووبێت.

ـ لێدراو؟

ـ ئاخر دڵی سوور وەک دڵی هەموو کەسێکی تر وایە. بەڵام دڵی من وەک هەموو دڵێکی تر نییە،

دڵی من بەتەواوەتی جیاوازە. هەربۆیەشە دەبێت ڕەنگێکی تری هەبێت.

هاوڕێکەم سەیرێکی وەرەقەکەی کردو دواتریش سەیرێکی منی کردەوە.

ـ شتی وا نابێت. دەبێت ڕەنگی سووربێت. هەروەها دەبێت خوارەوەشی نوکی تیژبێت. ئادەی وەرەقەکەم بەرێ، ئێستا من وێنەی دڵێکت بۆ دەکەم وەکو ئەوەی کە هەیە.

ـ وامەکە، بوەستە! تۆ تێناگەیت کە من مەبەستم چییە. لەبەر ئەوەیە کە...

ـ وەرەقەکەم بەرێ، ئێستا من وێنەی دڵێکی ڕاستەقینەت بۆ دەکێشم.

ـ بەڵام تۆ، گوێم لێبگرە بزانە من چیت بۆ باسدەکەم. ئەگەر دڵی من جیاوازبێت و دڵێکبێت لێدراو ژاکاوبێت، ئەوا بیرلەوەناکەمەوە کە وێنەی دڵم وابکێشم وەک ئەوەی کە ئینسان کاتێک دەیکات کە عاشقبێت، تۆ سەیرکە، نا، ڕایمەکێشە وەرەقەکە!

بەڵام ئەو وێنەکەی لەدەست ڕاکێشام. قەڵەمێکی سووری لە گرفانی دەرهێناو دەستی کرد بە بۆیاخکردنی دڵەکەی من. لەخوارەوەش نوکی دڵەکەی تیژکردەوە. سەرباری ئەوەش پێشنیازی ئەوەی کرد کە:

ـ دڵەکە دەبێت تیرێکیشی تێبچەقێنرێت!

بەخێرای وێنەی تیرێکی لەسەر کێشا. یەکەمجار دڵەکەی لەملاوە گۆڕی و دواتریش لەلاکەی ترەوە. ئەو بەشە تەخت و کەمەشی کە هەیبوو دەستی لێنەداو وەک خۆی هێشتییەوە، منیش، هەروا بێ ئەقڵانە بەردەوام هەر خەریکبووم بۆم ڕووندەکردەوە.

ـ بەڵام من پێمووتیت کە دڵی من لە خەمدا واتەختبووە.

ـ ئەی کەواتە تۆ بۆچی هەر لەسەرەتاوە نەتووت کە دڵت خەمبارە!

وێنەی تیرێکی تریشی ڕووەو سەرەوە کێشا، لێشینووسی:ُمن بۆیە تەختبووم چونکە خەمبارمُ.

ـ ئا ئاوا! ئێستا هەموو کەسێک تێدەگات.

دواتر دڵەکەی دایەوە دەستم. لەوە زیاتر نەمتوانی خۆم ڕابگرم پێمووت:



ـ ئێستا من چی لەم شتە قۆڕە بکەم؟ دواتر ئەویش ووتی شتی قۆڕ ئەوەبووە کە تۆ کردبووت. دواتر ئەو چاوی بە دێنیس کەوت (کچێک بوو کە ئەو پێیوابوو نازدارترین کچە)، دڵەکەی لەدەستم ڕاکێشاو وشەی ُ من خەمبارمَکەی کە دواتر لێی نووسیبوو ڕەشی کردەوەو لەبری ئەوە بە پیتی گەورە لێینووسی ُچونکە تۆ هەرگیز ڕووم تێناکەیتُ!! ڕۆیشت و چوو دڵەکەی منی دا بە دێنیس، لەولاوەشەوە دەستی کرد بە تۆپ تۆپێن.

ـ دەوەرە دەی،

هەر زۆر باشتر،

ئاخر من چیم لە دڵێک بکردایە کە بەهیچ شێوەیەک لە دڵی من نەدەچوو؟

من پێموایە کاتێکی زۆر دەخایەنێت تا من بتوانم هاورێیەکی وا بدۆزمەوە کە بتوانێ لە دڵێکی ئاوا تەخت و قاوەیی تێبگات.

یەک شەممە

لەناو هەموو ئەو باسانەی کە من و هاورێکەم پێکەوە کردوومانە دووانیانم لەهەموویان باشتر لەبیرە. خۆشم نازانم بۆچی. یەکێکیان باسێک بوو کە ڕۆژێکی یەکشەممە پێکەوە کردمان. باران دەباری. تازە لەتاوڵەکردن لێبووبوینەوە. هاورێکەم هەستایە سەرپێ، پایپەکەی داگیرساند، دەستی کرد بە تێکەڵاوکردنی هەندێک ڕەنگ و کەوتە باسکردنی عەشق.
عەشق بۆ کارکردن. بۆ وێنەکێشان. عەشقی نێوان ژن و پیاو، عەشقی باوک، عەشقی دایک، عەشق بۆ ئەم شارە، ئەم وڵاتەو ئەم دنیایەی تێیدا دەژین، عەشقی نێوان منداڵ و دایک و باوک، عەشقی نێوان هاورێیان. هەروەها ووتی:
ـ وەک ئەو عەشقەی کە ئێمە لەبەرامبەر یەکتریدا هەستیپێدەکەین.
هەستم بەدڵم دەکرد کەچۆن زرم و کوت لێدەدات. هەروەک ئەو هەستەی کە لەبەرامبەر هاورێکەمدا هەمبوو کە هەمیشە هەستێکی زۆر... زۆر گەورەبوو. کەچی من هەمیشە پێموابوو ئەو بەو ڕادەیە منی خۆشناوێت. ناشزانم خۆ ڕەنگە لەبەر ئەوەشبووبێت کە من منداڵ بووم و ئەو گەورە، یاخود لەبەر ئەوەبوو کە من هونەرمەندنەبووم و ئەو هونەرمەند بوو. بەڵام تەنها شتێک کە من دەیزانم ئەوەیە هەرکاتێک کە ئەو باسی عەشقی دەکرد، دڵی من



خێرا ئاوا دەکەوتە زرم و کوتکردن. بەهەرحاڵ خۆ ڕەنگیشە ئێمە هەردووکیشمان بەقەدەریەک یەکتریمان خۆشویستبێت؟
دەمویست بۆ جارێک بزانم کە بەڕاستی وابوو یەکتریمان خۆشدەویست، من پێمووت:
ـ تۆ چۆن منت خۆشدەوێت؟
ـ جۆراوجۆرە، هەندێک ڕۆژ ئەوەندەم خۆشدەوێیت وەک ئەوەی من باوکی تۆ بم. جێی داخە کە تۆ کوڕی من نیت، ناشتوانم بڵێم: کە ئەوە من بووم تۆم کرد بەم کوڕەباشەی ئێستا.
تۆزێکی تر پێکەنی. دواتر بوو بە کەسێکی جدی و چوو لەبەردەم سێپاکەدا دانیشت و دەستی کرد بە وێنەکێشان.
ـ بەڵام ڕۆژەکانی تر، هیچ حەز بەوەناکەم کە ببمە باوکی تۆ. تەنها دەمەوێت هاورێی تۆ بم و هیچی تر.
تۆزێکی تریش وێنەی کرد.
ـ هەندێک جار خۆشمدەوێیت چونکە تاوڵەم لەگەڵ دەکەیت. هەندێک جاری واش هەیە تەمەنا دەکەم وەک تۆ بم، مەبەستم ئەوەیە سەرلەنوێ ببمەوە بە منداڵ. کەواتە ئاوایە، هەر ڕۆژەو بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆشمدەوێیت: ئەگەر بێت و هەموو ئەو جۆرە جیاوازانە پێکەوە کۆبکەینەوە، ئەوکات هەستدەکەین کە ئەوە خۆی لەخۆیدا عەشقە.
هەستم بە خۆشحاڵییەکی زۆر کرد کە گوێم لەو قسانەی بوو، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێم تەنها لەویادا دانیشتبووم و سەیری ئەوم دەکرد کە سەرقاڵی وێنەکردن بوو. دوای کەمێک نەمتوانی خۆم بگرم و ووتم:

- پێتوایە کە من و تۆ لەیەکتری بچین؟
- لە ڕووی دەرەکییەوە نا، بەڵکە لە ڕووی شێوازەوە. شێوازی بێدەنگ بوونمان، شێوازی پڕمینمان بەبێ ئەوەی سەرمامان بووبێت، شێوازی تێڕوانینمان لە شتەکان. من هاوڕێی گەورەم زۆرهەبووە، بەڵام هیچ کەسیان هێندەی تۆ لە من نەچوون.
- ئا، بەڵام لەگەڵ هاوڕێ گەورەکاندا دەتوانیت سەبارەت بەو شتانە قسەبکەیت کە تۆ ناتوانیت لەگەڵ مندا باسیانبکەیت.
- وەک چی بۆ نمونە؟
ئا، لەویادا چەند حەزم دەکرد پێمبوتایە کە ئەو نایەوێت باسی دۆنا کلاریسام لەگەڵدابکات! بەڵام پێموابوو ئەم داوایەی من لەو لەوکاتەدا کەمیک بێ مانابوو. بۆیە تەنها شانەکانم هەڵتەکاندو سەیری فڵچەکەیم کرد. ئەو وێنەی سوچێکی ژوورەکەی دەکێشا. کورسی، مێز، گڵۆپ. دەستیشی کردبوو بە وێنەکێشانی بەشێک لە جەستەی ئافرەتێک. بۆیە دەڵێم بەشێک لە ئافرەتێک، چونکە وێنەی ئافرەتەکەی لە سوچێکی تابلۆکەدا کردبوو.
نەمدەتوانی چاو لەسەر ئەو ئافرەتە زۆر تەنهایە هەڵگرم، بەتەنیا قاچێکییەوە، بەشێک لە جلەکانی و کەمێکیش قژ (ئەو بەشەی تری کە مابووی لەدەرەوەی تابلۆکەدا ونبووبوو).
من دەزانم وێنەکێش حەزدەکات شتەکان بەشێوەی جیاواز وێنەبکات. هەر زوو فێربوبووم کە ئینسان بۆئەوەی وێنەی جوان بکێشێت پێویستناکات هەموو شتەکان وەک چۆن لە فۆتۆیەکدا بەتەواوەتی دیارە ئاوا بگوێزێتەوە. سەرنج ڕاکێشانی منیش بۆ تابلۆکە تەنها لەبەر ئەوە نەبوو کە ئەو وایکردبوو بەشێکی جەستەی



ئافرەتەکە لە سوچی تابلۆکەدا دیارنەمێنێت. بەڵکو لەبەر ئەوەبوو، کە ئەو ئافرەتە، گەرچی بەشێکی کەمیشی دەبینرا، بەڵام لەهەمان ئەو ئافرەتانە دەچوو کە هاوڕێکەم وێنەی کێشابوون.
ژوورەکە سەرتاپا پڕبووبوو لەو تابلۆیانەی کە کردبوونی و بەدیوارەکاندا هەڵیواسیبوون.
ئافرەت لە زۆرینەی تابلۆکاندا هەبوو. سەیری یەک بەیەکیانم کرد، تەنها بۆ ئەوەی دڵنیابم بەو شێوەیەیە کە من بۆی چووبووم! هەرواش بوو! ئافرەتەکە قەڵەوبێت یا لاواز، تاریک یان ڕووناک، چاو و لوت و دەمێکی هەبێت، یان تەنها پەڵەیەک لەسەر دەموچاویبێت، وەک ئەوەی کە ئەو حەزیدەکرد وێنەی بکێشێت، هەموویان لەیەکدەچوون، هەمووشیان شتێکیان تێدابوو کە زەردبوو.
- بۆچی هەموو ئەو ئافرەتانەی کە تۆ وێنەیان دەکێشیت لەیەک دەچن؟
لە وێنەکردنی خۆی هەر بەردەوام بوو، کاتی خایاند تا وەڵامی دامەوە:
- وایە، ئافرەتێک لە ناو خەیاڵەکانی مندا دەژی. من هیچ هەستی پێناکەم کاتێک کە لەسەرم دێتە دەرەوە و دەچێتە ناو ئەو تابلۆیەوەی کە وێنەی دەکێشم.
منیش بێئەوەی بیربکەمەوە لێمپرسی:
- ئەو ئافرەتە دۆنا کلاریسە؟
ئەویش یەکسەر وەڵامی دامەوەو ووتی:
- ئا.

دوای ئەوە دەستی لەوێنەکێشان هەڵگرت. هەستایە سەرپێ. وەستاو سەیری تابلۆیەکی کرد. دواتر چووە لای تابلۆیەکی ترەوەو سەیریکرد. دواتر لە کۆتایدا ووتی:

ـ بەڵام بە مەبەست نەبووە کە ئەو لە تابلۆکاندا هەمیشە لەیەک بچێت. ئەو ڕەنگە زەردە، ئا، من بە مەبەست کردوومە. زەرد بۆ من ڕەنگی کلاریسایە، من حەزیشدەکەم کەمێک لەو ڕەنگە لەهەموو ئەو تابلۆیانەدا دابنێم کە دەیانکێشم.

ـ هەر تەنها کەمێک؟ تۆ لەویادا سەیری بکە، سەرتاپا هەموو گیانی زەردە.

ـ ئاخر لەبەرئەوەی کە بەڕاستی ئەوە کلاریسایە، ئەوە لە ڕۆژێکدایە کە دڵی خۆشبووە. بەڵام ئەوانەی تر، نا. ئەگەر من نیگارکێشێکی باش بوومایە، سەرباری ئەوەی کە کلاریسا لەخەیاڵەکانی مندا دەژی، دەبوو من وێنەی هەر ئافرەتێکم وابکێشایە کە لە خۆی بچوایە، نەک هەموو ئافرەتەکان لەیەکبچن.

ـ بەڵام تۆ نیگارکێشێکی باشیت!

ـ نا، نا، ئەوە من نیم. من زۆر باش دەزانم کە دەبێت ئینسان چۆن وێنەبکێشرێت. من تەکنیک دەزانم. من یەکبینە هەر کاردەکەم بۆئەوەی بزانم ئەتوانم ژیان بە تابلۆکانم ببەخشم. بەڵام کەچی هیچ سودی نییە و تابلۆکانم دەمرن.

ئەو بەپێوە وەستابوو بە فڵچەکەشی هێمایدەکرد:

ـ سەیرکە. سەیرکە! سەیرکە!! تۆ نابینیت؟ هەستی پێناکەیت کە تابلۆکانی من ناژین؟



دواتر فڵچەکەی بە چەشنێک فرێدایە سەر مێزەکە وەک ئەوەی کە... نازانم چۆن باسییکەم؟... ئەو بە جۆرێک نائومێدبوو کە هەرگیز من لەوەوپێش ئەوم بەوجۆرە نەبینیبوو.

من ناتوانم ئەمەم لەبیربچێتەوە، ئەمەش وام لێدەکات بیر لەشتێک بکەمەوە: هونەرمەندێک ڕەنگە بتوانێت کارەکەی خۆی ئەوەندە زۆر خۆشبوێت... نازانم چۆن ئەمە ڕوون بکەمەوە؟ ... ئەوەندە کارەکەی خۆی خۆشدەوێت، بەڵام کاتێک کە هەستدەکات بەرهەمەکەی ژیانی تێدانییە، ئیتر خۆشی نایەوێت بژی؟

یادوەری دووهەمیان کە هەمیشە لە خەیاڵمدایە، ئەو کاتەبوو کە لەسەر ئەوە ڕێکەوتین ئەو فێری وێنەکێشانم بکات و هەرئەوکاتەش دەمودەست سەیرانیکمان سازکرد.

خۆرەتاو بوو. هێشتا پشوی هاوین بوو. چوینە دەرەوەی شارو بۆیاخ و فڵچەو وەرەقەشمان لەگەڵ خۆمان بردبوو. لە نزیک دارستانێکدا لاماندا. دایکم بابۆڵەی بۆکردبووم. لەدامێنی دارستانەکەدا تووڵە نەمامی کورت هەڵچوبوون. لەویادا دانیشتین و دەستمانکرد بەنانخواردن (نەمامەکانمان نەخوارد، بابۆڵەکانمان خوارد).

دەوروبەرمان هەموو سەوزبوو. هاوڕێکەم سەبارەت بە ڕەنگی سەوز قسەی کرد: لەسەر تۆخی و کاڵی، ئا، هەموو جۆرەکانی سەوزیی. ئەو ڕەنگێکی پیشاندام، دواتر وەک بەراوردکردنێک دەستی بۆ نەمامەکان ڕاکێشا. وێنەمان کێشا. لەسەر پشت ڕاکشاین.

سەیری هەورەکانمان کرد. ئەو خەویلێکەوت و پرخاندی، خەوبینی بوو. دواتر خەبەری بۆوەو ووتی:
ـ خەوم بە کلاریساوە بینی.
سەرم سوڕما کە ئەو ئاوا باسی ئەوی دەکرد، وەک ئەوە وابوو تا ئەوکاتەش هەر خەونببینێت. سەیری قوڵایی ئاسمانی دەکردو هەردوو دەستیشی وەکو سەرین خستبووە ژێر سەری.
ئەو گێڕایەوە کە چۆن عاشقی یەکتری بوون. هەردووکیان ئەمە یەکەم عەشقیان بووبوو، هەردووکیان هەرزەکاربوون. ئەوان ویستبوویان کات زوو تێپەڕێ، تا بتوانن زوو یەکتری بهێنن! بەڵام کات بەکاوەخۆو بێ پەلەکردن تێپەڕیبوو. ئەوانیش دەم بەدەم هەر چاوەڕوانبوون.
تا ڕۆژی خۆی هاتبوو! بەڵام ئەوان زەماوەندیان نەکردبوو، چونکە ئەوان کەوتبوونە دەمەدەم و شەڕکردن لەگەڵ یەکتریدا. کلاریسا گلەیی لەوەکردبوو کە هاوڕێکەم عاشقی سیاسەت بووە، سەرباری ئەوەش تەنها هەر ئەمی خۆشنەویستووە بەڵکە هەموو بەرازیلییەکی بەقەدەر ئەم خۆشویستووە، لەبری ئەوەی خەریکی نازهەڵگرتنی ئەمبێت بەتەنها هەر خەریکی تەیکردنی سەرو خواری وڵات بووە بۆ پەیوەندیکردن و کۆبوونەوەسازکردن. ئەوەندە سەرقاڵی بەرازیل بووە تا ڕۆژێک دیارنەماوە و لەبەندیخانەدا توندیان کردووە. من لێمپرسی:
ـ باشە ئینسان چۆن عاشقی سیاسەت دەبێت؟ وەک ئەوە وایە کە عاشقی کچێک بیت؟
ـ هەم واشەو هەم واش نییە.



بەڵام ئەو لەبری ئەوەی بۆم ڕوونبکاتەوە هەر بەردەوامبوو لە گێڕانەوەکەی. ووتی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە بەندیخانە ماوەتەوە.
ـ من بەردەوام نامەم بۆ کلاریسا دەنووسی کەچی ئەو هەرگیز هیچ یەکێک لەو نامانەی بەدەست نەگەیشت.
ئەویش پێی وابووە کە ئەم ئەوی لەبیرچۆتەوە. بۆیە کلاریسا هیلاکبووە لە چاوەڕوانی و ڕۆژێک شوی بەیەکێکی تر کردووە. ئیدی بووە بەخاوەنی منداڵ و هەموو حاڵ وماڵێکی خۆی. بۆ یەکەم جاریش ساڵی پاربووە کە یەکتریان بینیوەتەوە. لەپڕ لەسەرشەقامێک یەکانگیربوون. ئەوان بەرامبەری یەکتری ڕەق ڕاوەستاون و هەر سەیری یەکتریان کردووە بەبێ ئەوەی باوەڕ بەچاوی خۆیان بکەن. سەرباری تێپەڕبوونی ئەو ماوە درێژەش ئەوان وەکو جاران هەر یەکتریان خۆشویستووە. ویستووشیانە وەکو جاران پیکەوەبن.
هاوڕێکەم لەویادا چاوی نوقاند، من پێموابوو دیسان خەوی لیکەوتەوە.

پێمخۆشە کە ئەمەم بیرکەوتۆتەوە. زۆرخۆشبوو کە لەویادا هەردووکمان لە دامێنی دارستانەکەدا ڕاکشابووین و ناو بەناو لەگەڵ یەکتردا قسەمان دەکرد. کاتێک کە ئەو لەویادا ڕاکشابوو چاوی نوقاندبوو من سەیری دەستی خۆمم دەکرد - هێندەی دەستەکانی ئەو بۆیاخیش بەدەستەکانی منەوە بوون. هەستێکی خۆشبوو کە دەستمان وەک یەک بۆیاخاوی بوون. من ڕاکشابووم و چاوەڕوانم دەکرد. تا وردە وردە ئەو هەموو چیرۆکەکەی گێڕایەوە:

ـ هەموو جارێک دوای ئەو یەکتربینینە، کاتێک کلاریسا دەهات و سەردانی منی دەکرد، داوام لێدەکرد کە هەموو شتێک بەجێبهێڵێت و لای من بمێنێتەوە. بەڵام هەمیشە ئەو دەیووت نا. تۆ دەزانی ئەو چی پێوتم؟ پێیووتم من پیاوێکم لە نێوان سێ عەشقدا گیرۆدەبووم: عەشقم بۆ ئەو. بۆ نیگارکێشان و بۆ سیاسەت.

سەیرێکی منی کردو ووتی:

ـ هەر بەتەنها بەهۆی ئەمەوە نەبوو کە ئەو نەدەمایەوە لای من، بەڵکە لەبەر خاتری منداڵەکانیشی بوو، من ئەمە دەزانم.

ـ بەڵام من هەرچ کاتێک کە گوێم لەسیاسییەک دەبێت لە تەلەفزیۆنەوە قسەدەکات، پێموایە کە شتێکی زۆر وەڕسکەرو گێرەشێوێنییە. باشە شتێک کە ئەوەندە ناخۆشبێت چۆن دەبێت بە عەشق؟

هەستایە سەرپێ و لەسەرخۆو بە هێمنی پایپەکەی داگیرساند. منیش هەستامە سەرپێ تا گوێبگرم.

بەڵام تەنها شتێک ئەوەبوو کە ووتی:

ـ بەڕاستی سیاسەت گێرەشێوێنە.

تەنها هەر ئەمەندەی ووت. هەر وەک ئەو ڕۆژەی کە من باسی جلەسوورەکەی جەنینام بۆ گێڕایەوە. ئیتر دواتر سەرلەنوێ دەستیکردەوە بەفێرکردنی من لەسەر تۆنەکانی ڕەنگی سەوز، لەو ماوەیەی تری سەیرانەکەدا من و ئەو چیتر باسی هیچ شتێکی ترمان نەکرد جگە لە باسی ڕەنگەکان و ڕووبەری تابلۆ و فڵچەکان نەبێت.

دووشەممە

شەوێ سەرلەنوێ سیانەکە هاتنەوە بۆلام. ئەو سێ فیگورەی ناو خەونەکەم.
لە پرسیاری ئەوەدابووم ئەمانە ئیتر بەردەوام لەناو خەونەکانمدا نیشتەجێدەبن و لەگەڵ هەموو خەون بینینێکیشمدا خۆیان پیشان دەدەنەوە.

سیانەکە هەروەکو جاری پێشوو - پێکەوە هاتنەوە. بەڵام ئەم جارە سەوزیان پۆشیبوو ( لە هەمان ڕەنگی ئەو کراسە گەورەیەی کە هاوڕێکەم لەکاتی وێنەکردندا لەبەری دەکرد).
بەڵام لەم خەونەمدا سێ فیگورەکە یەکێکیان خێو نەبوو دوانەکەی تریشیان کۆرس، بەڵکە هەموویان بووبوون بەو سێ عەشقەی هاوڕێکەم.
سڵاویان کردو دانیشتن، لەگەڵ یەکتریدا کەوتنە قسەکردن. دەنگی هەرسیکیشیان وەکو یەک وابوو.
ئەوەی یەکێکیان دەیووت دوانەکەی تریان پەسەندی دەکرد. هەمووشیان یەک جۆر پێکەنینیان هەبوو.



لەبەرئەوەی کە هەرسێکیان لەیەکتری دەچوون، سەرم لێدەرنەدەکردو نەمدەزانی کامیان دۆنا کلاریسایە، کامیان نیگارکێشی و کامیشیان سیاسەتە.
تا زیاتر پێدەکەنین زیاتر بەیەکترییەوە دەنووسان، لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوون، قەنەفە گوڵگوڵییەکە، وا ترنجابوونە یەکتری وەک ئەوەوابوون تەنها یەک کەسبن.
لەپڕ پرسیارێکم لێکردن و پێموتن ئایا ئێوە ئیرەی بەیەکتری نابەن کاتێک کە دەزانن هاوڕێکەم هەرسێکتانی لەیەک کاتدا هێندەی یەکتری خۆشویستووە.
یەکێکیان دایە قاقای پێکەنین، یەکێکی تریان وادەهاتە بەرچاو کەبیربکاتەوە، بەڵام سێهەمیان بەهەمان شێوە گوزارشتی دۆنا کلاریساوە، بۆی ڕوون کردمەوەو ووتی:
ـ لەسەرەتادا من دەمویست ئەو حەز لەکەسی تر نەکات من نەبێت. من ئیرەیم بەویان دەبرد (دۆنا کلاریس هێمای بۆ دەکات) لە کاتێکدا لەبری ئەوەی نازی من بکێشێت سەرقاڵی وێنەکردن بوو. ئای ئەو کاتانە چەندە تورەبووم!
ئەوەی دووهەمیان لەکاتێکدا وا پێدەچوو کە بیربکاتەوە سەیریکردم: "ئیرەییبردن بەکارەکەی ئەو شتێکی بێ مانایە، وانییە؟" هەروەها سێهەمیشیان دەستی بۆ یەکەمیان ڕاکێشاو کەوتە قسەکردن:
ـ ئەوە خۆ باسی ئەمیان هەر مەکە! ئای کە من ئیرەیم دەبرد کاتێک کە سەرتاپای وڵاتی لەپێناوی ئەودا تەیدەکرد و دەیووت من بۆ بەرازیل تێدەکۆشم.
یەکەمیان خۆی مرومۆچ کرد و ووتی:

- لەبری ئەوەی ئیرەیی پێبەریت دەبوو تۆ لەگەڵ ئەودا کارتبکردایە. گەروات بکردایە بەرازیلیش پێیخۆشدەبوو.
- هەروا ئاسان.
هەرسێکیان، وەکو یەک هەناسەیەکی حەسرەتیان هەڵکێشا. وادەهاتنە بەرچاو کە هەرسێکیان بیرلەیەک شت بکەنەوە. لە سەر قەنەفەکە هەڵکورمابوون. بەڵام دواتر خۆیان قیتکردەوە و دۆنا کلاریسا ووتی:
- ئا، پێشتر وابیرم دەکردەوە. بەڵام دواتر تێگەیشتم کە بێهودەیە ئەگەر بێت و من بمەوێت ئەو بە تەنها دەبێت هەر منی خۆشبوێت.
ئەوەی دووهەمیان ووتی:
- وا پێدەچێت ئیتر شوێنێک بۆ تەنها عەشقێکی تر چییە لەودا نەمابێت.
دەمودەست ئەوەی یەکەمیان وەڵامی دایەوە:
- وایە.
- ئەوساش ئیتر، هەرزوو! هەرچی دڵپیسییەک کە هەمبوو ڕەوییەوە.
- هەر زوو!
- هەر زوو!
ئەوەی کە ووتی: "هەر زوو" باوەشی بە یەکێک لە دوانەکەدا کرد. هەزەلیانە دەهاتەبەرچاو بۆیە من دەستمکرد بە پێکەنین. بەڵام بەدرێژایی کاتەکە زۆر جدیبوون بۆیە پێیان ووتم:
- کاتێک هەرسێکمان ڕێکین و پێکەوە لەناو ئەوداین، ئەو دەم هاوڕێکەت زۆر ئاسودەو ئارام دەژی.
- تۆ ئێستا دەتوانیت دڵنیابیت لەوەی کە ئێستا ئەو ئاسودەیە.



- تا ئەبەد ئاسودە.
زۆرم پێخۆشبوو کە گوێ لەم قسانە بگرم و لەسەر قەنەفەکە خۆم بترنجێنمە پاڵیانەوەو منیش قسەبکەم.
بەڵام ئەوان ووتیان:
- ئێمە ناتوانین بمێنینەوە. دەبێت ئێمە بچینەوە ناو ئەو.
- هەروەها کاربکەین.
- هەروەها سەرقاڵی سیاسەتبین.
هەرسێکیان هەستانەسەرپێ و بەیەکەوە ووتیان 'ماڵئاوا'. هەرزوو چوون بەرێی خۆیانەوەو خەونەکەم بەتاڵ بۆوە. ئیدی ئەمە کۆتایی خەونەکەم بوو.

- حەیف! خۆشیشبوو لەویادا لەگەڵیاندا دانیشتبووم، چونکە دەمزانی کە ئێستا ئیتر هاوڕێکەم ئاسودەیە.

دوانیوەڕۆی دووشەممە

کاتێک لە قوتابخانەوە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە ڕۆسالیا ووتی کە دۆستی هاوڕێ نیگارکێشەکەم لەوێیە.

ڕۆسالیا کچی خاوەن ماڵەکەیە، دۆستی هاوڕێکەشم دۆنا کلاریسایە، ئەوێش ماڵی هاوڕێ َ نیگارکێشەکەمە.

من ووتم "هەر بەڕاست؟" خۆشم واپیشاندا کە ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە، بەڵام دڵم کەوتە تەپەتەپ کردن! تێشگەیشتم کە ئەمجارە هەردەبێت لەگەڵ دۆنا کلاریسادا قسەبکەم و لێی بپرسم، چونکە ئەم مەسەلەیە زۆر دەمێکە بۆتە سەودای سەرم و دەمەوێت بزانم.

چوومە مەسعەدەکەوە و خێرا دەستمکرد بە مەشقکردن لەسەر شتێکی گونجاو کە بیڵێم. ناچاربووم زوو بیر لەشتێک بکەمەوە چونکە مەسعەدەکە هێندەی یەک و دوو گەیشتەسەرەوە، پێشموابوو کە ئەوە بێ ئەقڵییە ئەگەربێت و من هەروا لەبەردەم دەرگای ماڵی هاوڕێکەمدا بوەستم بەبێ ئەوەی جورئەتی ئەوەبکەم لە زەنگی دەرگاکە بدەم. لەزەنگەکەمدا. کەمێکی پێچوو تا دۆنا کلاریسا کردییەوە، لەوێاشدا هەر فریا کەوتم کەمێکی تریش مەشق لەسەر ئەوەبکەم کە چی بڵێم.

دەرگاکەی لێکردمەوە، هەر لەگەڵ دەمکردنەوەی مندا زەنگی سەعاتەکە کەوتەلێدان. ئەمە شتێک بوو لە کاتی مەشقکردندا من



هیچ حسابێکم بۆ نەکردبوو، بەهەرحاڵ من تازە گوێم لێبوو. ئەگەرچی من بەرێکوپێکی مەشقم لەسەر هەموو ئەو شتانەش کردبوو کە دەمویست بیانڵێم، بەڵام وشەیەک چییە لە دەمم نەهاتە دەرەوە.

کەس باوەڕ بەمە ناکات، بەڵام لێدانی سەعاتەکە تەنها یەک دانەبوو، چونکە سەری نیو سەعات بوو، وای لێکردم... نازانم چۆنی باس بکەم. یەکەم جار دڵم بەو دەنگە خۆش بوو. چونکە لێدانی سەعاتەکە دەنگێک بوو کە پەیوەندی بە هاوڕێکەمەوە هەبوو، ئەمە وەک ئەوە وابوو کە ئەو گەڕابێتەوە. بەڵام دواتر ئەو ڕۆژەم بیرکەوتەوە کە لەویادا بۆ دواهەمین جار ئەوم تیابینی: ئەو بۆ ئەبەد مرد. ئیتر هەستمکرد کە چۆن لێدانی ئەو سەعاتە لەمندا بەردەوام دەبێت، ئەو لێدانەش ڕەنگی سووربوو، زەحمەت بوو تێبگەم کە... تەنانەت یەک شت چییە لەوانەی کە بیرم لێکردبوونەوە بیانڵێم بیرم نەکەوتنەوە. هێندەش ئاسان نەبوو چونکە دۆنا کلاریسا بە جلوبەرگێکی ڕەنگ تاسەیی تۆخەوە لە بەردەممدا وەستابوو سەیری منی دەکرد.

من سەیری جلەکانی و ژوورەوەم کرد. سەیری جلەکانی و سەعاتەکە. جلەکانی و ئەو کورسیەی کە هاوڕێکەم لەسەری دادەنیشت. دۆنا کلاریسا لێی پرسیم:

ـ دەتەوێت بێیتە ژووریَ؟

ـ نەخێر. تەنها دەمەوێت بزانم کە ئێوە بۆچی درۆتان لەگەڵ مندا کرد؟

(بەهیچ شێوەیەک ئەمە ئەو قسەیە نەبوو کە من مەشقم لەسەرکردبوو بیڵێم).

هەردووکمان وەستابووین و سەیری یەکتریمان دەکرد. دواتر بۆم ڕوونکردەوەو وتم:
- با... ئێوە ووتان کە ئەو وەک هەر کەسێکی تر مردووە کە ڕۆژێک دێت و دەمرێت. بەڵام  هەموو کەس بە ویستی خۆی نامرێت، وایە.
- ناتەوێت بێیتە ژوورەوە؟
هەنگاوێکم هەڵهێنایە ژوورەوە،  تەنها یەک هەنگاو. لەبەرئەوەی تا ئەو کاتەش ئەو هیچ شتێکی بۆ ڕوون نەکردبوومەوە،  بۆیە ووتم:
- من دەبێت بزانم، کە بەڕاستی ئەو چی بەسەر هاتووە..
- تۆ بۆ دەڵێیت کە من درۆم کردووە؟
- ئاخر، ئەی درۆت نەکرد؟ یەک بەیەکی خەڵک دەڵێن کە وابووە، هەموو خەڵکیش ئێستا دەزانێت کە ئەو خۆی کوشتووە.
بەرەو ژووری میوانەکە ڕۆیشت و لای پەنجەرەکەوە وەستا. زۆر سەیر تەماشای دەرەوەی کرد. هاوڕێکەشم ئاوا لەویادا دەوەستاو بیری دەکردەوە. بەڵام وادەهاتە بەرچاو کە ئەم هەر تەنها سەیری شەقامەکەی خوارەوە بکات.
- (پاش ئەوەی کە ئیتر من پێموابوو ئەو بەهیچ شێوەیەک نایەوێت وەڵام بداتەوە) من پێمووت: هەر لەبەرئەوەی پێتانوایە کە من منداڵێکی بچکۆلەم؟ چونکە لە ماڵی ئێمە پێیانوایە ئەمە شتێک نییە شیاوبێت منداڵ بیزانێت.
کاتێک کەسەیری کردم، من بەردەوامبووم و ووتم:
- ئێوەش هەر بەو چاوە لەمن دەڕوانن؟ بۆیە درۆتان لەگەڵ کردم؟
- نا. من کوڕێکم هەیە هەر تەمەنی بەقەدەر تۆ دەبێت و سەبارەت بە هەموو شتێکیش لەگەڵی دەدوێم.



- سەبارەت بە خۆکوشتنیش؟ لەسەر ئەمەش قسەتان کردووە؟
سەرێکی بۆلەقاندم.
- ئایە بۆتان باسکردووە کە هاوڕێکەم... کە هاوڕێکەتان... کە هاوڕێکەمان خۆی...
- ئا بۆم باسکردووە.
- ئەی کەواتە بۆچی ئەمەتان بۆ من باس نەکرد؟
ڕووی بەرەو پەنجەرەکە وەرچەرخاندەوە. لەبەرئەوەی کە ئیتر ڕووی نەکردەوە بەلای منداو تەنها وشەیەکیش چییە نەیووت، بۆیە لەکۆتاییدا لەوە زیاتر نەمتوانی خۆم ڕابگرم و ووتم:
- بەڵام من وەک خەڵکی تر باوەڕ بەوە ناکەم کە ئەو لەپێناوی تۆدا خۆی کوشتبێت؟
بە خێرایی سەیرێکی کردم، منیش بووم بە... چۆن بتوانم ئەمە ڕوونبکەمەوە؟... هەم شڵەژام و هەم دەهریشبووم.  ئەگەر وەک خۆی چۆن بوو ئاوا باسیبکەم دەهریبوونەکەم هێندە کەمخایەن نەبوو تا چەند ڕۆژێک درێژەی کێشا. ئەگەرچی دواتریش خاوەنماڵەکە هات بۆ ماڵمان و هەمدیسان باسی ئەو دەنگۆیەی کردەوە کە هاوڕێکەم لەبەر خاتری ئەم بووە کە...
- ئەویش؟ ئەمە مانای چییە؟ ئەو پرسی. خەڵکی پێیان وایە کە منم بومەتە هۆی ئەوەی کە ئەم هەموو شتە ڕوویدات؟
- ئا، خەڵکی وادەزانن.
- ئەی تۆ باوەڕ بەوە دەکەیت؟
من بێدەنگ بووم (خۆ ڕەنگە ئەویش لەوکاتەدا بێدەنگی دایگرتبێت؟) سەیری ئەو تابلۆیانەم کرد کە هاوڕێکەم دروستیکردبوون.

زیاتر لێم هاتە پێشەوەو سەیری ناو قولایی چاوی کردم:
- من نازانم ئەو بۆچی ئەمەی کرد. تابێت زیاتر و زیاتر دەگەمە ئەو بڕوایەی کە هۆی ئەوەبوو خەمباربوو. زۆر دەمیکیش نییە کە لێمپرسی ئەو خەمبارییەی هۆی سیاسەتە یان هۆی کارە، ئەوکاتە ئەو پییووتم کە ئەو هەرگیز نایەوێت ببێتە وێنەکێشێکی گەورە. ڕاستە ئەو کاری زۆر دەکرد، تادەهات زیاتر لەوەش تێدەگەیشت کە چەند قورسە تابلۆکان گوزارشت لەو شتانەبکەن کە ئەو دەیویست بیانڵێت. تۆش کەهاوڕێیەکی ئەو بوویت، پێتوانەبوو کە ئەو خەمباربوو.
دواتر بیرمکردەوە. بــا، منیش هەندێک جار پێموابوو. بەڵام هەندێک جاری تریش بیرم دەکردەوە کە هیچ خەمبارییەک لە ئارادانییە بەڵکە تەنها ئەو شێوە بێدەنگییەی خۆییبوو کە وایپیشاندەدا خەمباربێت.
کلاریسا چاوەڕوانی وەڵامی منی نەکردو بەردەوامبوو لە قسەکردن:

- ئەو دەیویست من خێزانەکەم بەجێبهێڵم و شوو بەو بکەم. بەڵام من جورئەتی ئەوەم نەبوو. هەتا دواتر ڕێکەوتین لەسەرئەوەی بوەستین تا کاتی خۆی دێت. من بیر لە هەموو ئەو شتانە دەکەمەوە بەڵام تائێستاش ناتوانم لەوەتێبگەم کەبۆچی ئەو ئەم کارەی کرد.
پێموابوو لەویادا دەستدەکات بە گریان، کەچی وتی:
- ئێمە ئاوابووین پێکەوە (دوو پەنجەی پێکەوە جوتکرد). دواهەمین جار کە لەلای بووم لەسەر زۆر شت ڕێکەوتین:
کە پێکەوە بچین بۆ سینەما، سەیرانێک بکەین، تاهەمیشە ئاوا بەم شێوەیە بمێنینەوە.



جارێکی تر دوو پەنجە جوتکراوەکەی هەڵبڕی و پیشانیدامەوە، سەرنجمدا دەستی دەلەرزێ، هەروەها دەنگیشی: پڕبووبوو لەلەرزین، دواتر بێدەنگ و بێدەنگتر بوو.
- کاتێک دواتر من گەڕامەوە بۆ لای، ئەو خۆی کوشتبوو. ئەو نامەیەی کە چاوەڕوانی منی دەکردو بۆی دانابووم جگە لە وێنەی چەپکەگوڵێک زیاتر هیچ شتێکی تری تێدانەبوو. چەپکێ گوڵی تێکەڵ لە گوڵە حاجیلە و مێخەک، دەیزانی کە من حەزم لەو گوڵانەیە. لە ژێریشەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەنووسیبوو جگە لە داوای لێبوردنێک نەبێت، شتێک کە... زۆر سەیر، زۆر کورت... جگە لەم دێڕە "**ئا، بمبوورە؟**"، ئەمە هەموو شتێک بوو کە ئەو لەدوای خۆی بەجێیهێشتبوو.
گەڕایەوە بۆ لای پەنجەرەکەو پشتی تێکردم.
منیش وەک ئەو بێدەنگ وەستام. کەواتە هاوڕێکەم خۆی بڕیاری دابوو کە ژیان بەجێبهێڵێت بەبێ ئەوەی ڕونیبکاتەوە بۆچی، تەنانەت بۆ ئەمیش؟
ئایا بەم شێوەیە هەردووکمان گەیشتینە سەرەنجامیک بەبێ ئەوەی چیتر لەسەری بڕۆین؟
چیتر نەدەکرا من هەر لەویادا بوەستم و سەیری ئەو تابلۆیانە بکەم کە هاوڕێکەم کێشابوونی، یان سەیری ئەو کورسییە بکەم کە لەسەری دادەنیشت، یاخود سەیری ئەو سەعاتەبکەم کە تۆزێکی تر زەنگی لێدەداو ئازاری دەدام.

ـ کەواتەماڵئاوا، من پێمووت. خۆم وەرچەرخاند بۆ ئەوەی بڕۆم، بێ ئەوەی هیچ کام لەو پرسیارانەم بیربکەوێتەوە کە ئاڕاستەم کردبوو.
بەڵام ئەو بانگی کردم و ووتی:
ـ کلاودیۆ!
هەروەها هاتە پێشەوە بۆ لام و ووتی:
ـ من دەزانم تۆ چەند ئەوت خۆشویستووە. کاتێک ئینسان کەسێکی ئاوا خۆشبوێت، زۆر زەحمەتە لەگەڵ یەکێک لە یادوەرییەکانیدا بژیت و تێینەگەیت. بۆ منیش ئێستا هەر وایە. من بۆیە ئەو ڕۆژە درۆم لەگەڵ کردیت. پێموابوو درۆکەم قەناعەت بەتۆ دەکات، بۆئەوەی هەر جارێک کە بیر لەو دەکەیتەوە پێویست نەکات بپرسیت و بڵێت: بۆ؟ بۆ؟ وەکو من کە هەمیشە ئەو پرسیارە دەکەم.
یەکتریمان ماچکردو من لەوێ ڕۆیشتم.

شەممە

هەفتەکە هەمووی تێپەڕی، بەڵام بە چەشنێک کە من هیچ پێمخۆش نەبوو. چونکە هەر جارێک کە بیرم لە هاوڕێکەم دەکردەوە، پرسیارێک سەبارەت بەو قوتدەبۆوە بۆچی؟ بۆچی؟ ئەمەش خەیاڵێکی تابلێی وەڕسکەربوو.

سەرباری ئەمەش لەدەرەوە کەشوهەوایەکی ناخۆشی هەبوو، تەنها هەر باران و باران بوو. باران و هەم ئەو تەمەش کە هێندە چڕبوو کاتێک کەسێک لە پەنجەرەوە بیڕوانیایە هێج شتێکی لە دەرەوە نەدەبینی، خەڵکیش دەیانووت لەم تەمەی پیترۆپولیس خراپر تەنها هەر لە ئینگلستان هەیە. حاڵ لەوە ناخۆشترنەبوو.

من پێموابوو هەرگیز بارانەکە خۆشناکاتەوە و هەرگیزیش ناتوانم بیر لەهاوڕێکەم بکەمەوە بەبێ ئەوەی هەست نەکەم کە ئەو ڕووداوە چەند ڕووداوێکی ناخۆشبوو.

بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە لە قوتابخانە دانیشتبووم و سەیری دەفتەرە کراوەکەمم دەکرد لەپڕ بیرمکردەوە: نابێ بەڵام، ئەم دوو لاپەڕەیە چۆن ئاوا نووساون بەیەکەوە! بەهەرحاڵ زۆر ئاسان بوو لەیەکتریان بکەیتەوە. ئێ خۆ هەر ڕاکێشانێکی دەویست. منیش ڕامکێشان. یەکێک لەلاپەڕەکان بەربوو. لە دوا لاپەڕەی دەفتەرەکەدا شاردمەوە. دواتر لەگەڵ ئەو لاپەڕەیەی کە پێکەوە نووسابوون



بەیەکەوە دامنانەوە. لەیەکم جیادەکردنەوە و هەمدیس پێکەوە دەمنووساندنەوە بەیەکەوە. دانیشتم و یاریم پێدەکردن.

سەرلەنوێ دەمنوساندنەوە بەیەکەوە. یەکسەر هەستمکرد کە دەمەوێت بەهەمان شێوە هەمانشت لە یادوەری هاوڕێکەم بکەم، هاوڕێکەم لە پرسیاری بۆچی جیابکەمەوە.

منیش وامکردو ئاوا بیرم لێکردەوە:

بۆچی ئەو بەڕەزامەندی خۆی ویستی بمرێت؟

بۆچی ئەو لەنامەکەدا هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەنووسی؟

بۆچی ئەو لەلایەن پۆلیسەوە گیرا؟

بۆچی ئەو لای من باسی نەکرد کە ئەو بیر لەوە دەکاتەوە شتێکی وابکات؟

بۆچی تابلۆکانی ئەو ژیانیان تێدانەبوو لەکاتێکدا ئەو دەیویست بژین؟

هەوڵمدەدا هەر پرسیارێکی بۆچی کەدەهات بەخەیاڵمدا لە هاوڕێکەمی جیابکەمەوە، لەیەکتری دوریانبخەمەوە، تائەوپەڕی توانا لە سەرما بیانشارمەوەو ونیانبکەم.

من دوو ڕۆژ خەریکی ئەوەبووم. تا ئەوکاتەی بەسەر شۆستەکاندا ڕۆیشتم، ئاوا بەسەر شۆستەکەدا دەڕۆیشتم:

یەک ـ دوو، یەک ـ دوو، یەک ـ دوو.

یەک هاوڕێ

دوو بۆچی

یەک بیربکەرەوە!

دوو خۆتبشارەوە!

بیربکەرەوە! خۆتبشارەوە!

بیربکەرەوە! خۆتبشارەوە!

بیربکەرەوە! ئۆی کە ناخۆش بوو، ئەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە سەرم زۆر گەرم بووبوو، دوێنێ لەسەرما دەنگێکی وادەهات دەتووت سەرم ماتۆڕێکەو چیتر نایەوێت ئیشبکات.

بەڵام ئەمڕۆ کە لە خەوهەستام، لەپەنجەرەکەوە ئاسمانم بینی شینێکی زۆر جوانبوو. خۆریش بەهەرچی ڕەنگی زەردەوە کە بەخەیاڵی ئینساندا بێت هێندە گەش و زەردبوو کاتێک کە دەتویست دیقەتی بدەیت ڕەنگی دەبوو بە ڕەنگێکی مەیلەو پرتەقاڵی.

بیرم بۆ ئەو وێنەیە چوو کە هاورێکەم کێشابووی و خستبوویە دواهەمین لاپەرەی دەفتەری وێنەکەوە: ئەو وێنەیەش ئاسمانێکی شینی هاوینەی ئاوای هەیە.

دەفتەری وێنەکەم کردەوە تا بەراوردی ئەو شینییەی ناو وێنەکە بکەم کە کردبووی لەگەڵ ئەم شینییەی کە لە پەنجەرەکەوە دەمبینی.

هاوڕێکەم دوو پەڕەی کۆتایی دەفتەری وێنەکەی بەیەکەوە لکاندبوو تا بتوانێت وێنەی ئەو ئاسمانە بەگەورەیی بکێشێت.

قەیرێک دانیشتم و سەیری ئەو دوو پەڕەیەم کرد تابزانم چۆن لکاندبوونی بەیەکەوە. ئەوەندەم سەیرکرد تا لەکۆتایدا تێگەیشتم کە من مەجبوورنیم هاوڕێکەم لەپرسیارکردنی بۆچی جیابکەمەوە. منیش ویستم ئەو چیکردبوو وەکو ئەو لاپەڕەکان والێبکەم و ئاسمانێک بەڕەنگی شین بکێشم: بیانلکێنم پێکەوە. تا دەکرێت جووتیان بکەم.



منیش وامکرد.

ئێستا کە بیر لە هاوڕێکەم دەکەمەوە ( دیارە زۆر بیریشی لێدەکەمەوە!)، بیر لە هەموو شتێکی دەکەمەوە، مەبەستم ئەوەیە لە: پایپەکەی، ڕەنگەکان، بۆ؟ تاوڵەکە، ئەو گوڵانەی کە ئەو خۆشیدەویستن، هەڵبژاردنی مردنێکی ئارەزوومەندانە، بۆ؟ ئەو سەعاتەی کە لێدەدات، ڕەنگی زەرد، بۆ، کراسە سەوزە گەورەکەی - کە بەچەشنێک پێوەی نووسابوو خۆشی لەگەڵ کراسەکەدا بووبوو بەیەک.

وورده وورده حەزمدەکرد بەو شێوەیە بیربکەمەوە.

من پێموایە ئیتر لە ئێستاوە دەتوانم بەردەوام هەموو ئەو پرسیارانەم خۆشبوێت کە لەپڕ قوتدەبنەوە، تا لە کۆتایدا بتوانم یەک بەیەک لە هەموویان بگەم.

## لیگیا بۆینگه

### خاوەنی خەڵاتی، یادی ئەسترید لیندگرێن

*(ئەدەبی منداڵان جێیەک لەناو دنیادا دەبەخشێت بە منداڵ، لەناو منداڵیشدا جێیەک دەبەخشێت بە دنیا.)*

بەیانییەک کاتێک ژنە نووسەری بەرازیلی لینگا بوینگا خۆی بۆ ڕۆژێکی ئاسایی و هێمن ئامادە دەکات، زەنگی تەلەفوون لیدەدات، سەرەتا  ئەوەندە تێدەگات کە کەسێک لە ستۆکهۆڵمەوە قسەی لەگەڵ دەکات.

- لێیپرسیم ئایا من دەزانم کە خەڵاتێک هەیە بەناوی خەڵاتی یادی ئەسترید لینگرێنەوە. منیش بە بەڵێ وەڵامم دایەوە. ووتی دەزانیت کە خەڵاتەکە ئەمساڵ دراوە بە نووسەرێکی بەرازیلی. ووتم ئەمە شانازییە بۆ بەرازیل. ووتی دەزانیت ئەو نووسەرەی کە خەڵاتەکەی پێبەخشراوە ناوی "لینگا بوینگا"یە. لینگا بوینگا کاتێک ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە دەست دەکات بە خنەخن.

بەرهەمەکانی لینگا بوینگا سەر بە کلتوری واقیعی سیحری ئەدەبی ئەمەریکای لاتینییە. شێوازی نووسینەکانی خوێنەران دەخەنە ناو



خەونی پاڵەوانەکان و دەستیان دەگرن بۆ بەشداربوون لە ناو ڕووداوەکاندا. نووسینەکانی دەگەنە ئەو شوێنانەی کە چاوەڕوان ناکرێن و ناو ئەو ڕووداوانەشی کە هەرگیز جێگای بیرکردنەوە نین. ڕەخنە لە کۆمەڵگای بەرازیلی و دەسەڵاتدارانی هێڵی گشتی ناو بەرهەمەکانییەتی. ئەو هێڵە درامییەی ناو بەرهەمەکانیشی بەدڵنیاییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونانەی کە لینگا بوینگا هەیبووە لە نووسینی شانۆنامەو ئەو بەرهەمانەی تر کە بۆ ڕادیۆو تەلەفزیۆن نووسیونی. لینگا بوینگا دەڵێت:" نووسین سیحرە، من هەرگیز تائێستا نازانم کاتێک کە دەنووسم من کێم".

لینگا بوینگا نونێس لە شاری پێلۆتە کە کەوتۆتە سەر سنووری ئۆرگوای لە ساڵی 1923 لەدایکبووە، بەڵام لە شاری ڕیۆ گەورەبووەو کاریکردووە. لەساڵی 1972 یەکەم بەرهەمی بەناوی "ئۆس کولێکسە" چاپکردووە. ئێستاش خاوەنی زیاد لە بیست کتێبەو ئەم خەڵاتانەشی پێبەخشراوە.

خەڵاتی جابووتی 1973.

خەڵاتی هۆ. سیَ. ئەندرسن 1982.

خەڵاتی راتن فینگەر 1986.

خەڵاتی یادی ئەسترید لینگرێن 2004.

لەدوای وەرگرتنی خەڵاتی هۆ. سیَ. ئەندرسنی دانیمارکی زۆرینەی کتێبەکانی لینگا بوینگا وەرگێڕانە سەر زمانی سویدی. ئێستا بەرهەمەکانی بە دەیەها زمانی دنیا دەخوێنرێنەوە.

- چ شتێکی ئەسترید لینگرێن دەناسی؟
- بەداخەوە، تا منداڵ بووم هیچ بەرهەمێکی ئەوم نەخوێندبۆوە. بەڵام لەسەرەتای هەشتاکاندا دوای ئەوەی کە خەڵاتی هۆ. سێ. ئەندرسنم وەرگرت دەستمکرد بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی. من ئەو ئازایەتی و توانایەی ئەو زۆر بەرز دەنرخێنم کە توانیویەتی قسە بە کەسانی تر ببڕێت بەبێ ئەوەی برینداریانبکات. ئەمە ئەو ئاستەیە کە من تەمەنا دەکەم پێیبگەم.
- چی لەپارەی خەڵاتەکەت دەکەیت؟
- کەم و زۆر لە ئێستادا کات لەمە باشتر نەبوو بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە، دەمەوێت خانوویەک دروستبکەم کە تایبەت بە دەزگای بڵاوکردنەوەکەم بێت. هەروەها سەنتەرێکی کلتوری دابمەزرێنم، سەنتەرێک کە بتوانێت پەیامی گەورەیی مانای کتێب بگەیەنێت بۆ ناو ژیانی خوێنەران. ئیتر ئێستا دەتوانم کتێبخانەیەکی گەورە دروستبکەم بۆ منداڵانی "ڕیۆ" شارەکەم تا بتوانن بێنە ئێرەو چەندەها کتێبی منداڵان بخوێننەوە.
- تۆ خۆت بە نووسەرێکی ئەدەبی منداڵان دەزانیت؟
- من خۆم وەکو کەسێک دەبینم کە زۆر شەیداو عاشقی ئەدەبیاتم. وەخۆشم بە نووسەرێکی ئەدەبی منداڵان نازانم. من بۆ کەسێکی تایبەت یان بۆ تەمەنێکی تایبەت نانووسم کە تەمەنی دەساڵ یان سی ساڵ یان چل ساڵبێت بۆئەوەی کتێبەکانم بخوێنێتەوە. خوێنەرەکانی من لە هەموو قۆناغێکی تەمەندان.
- هیچ سنوورێک هەیە بۆ نووسینەکانی لیونگا بوینگا؟



- سنوور؟ چی هەیە نائاسایی بێت تا سنوور هەبێت. من هەمیشە لەگەڵ خۆم قسەدەکەم، بەدەنگی بەرز لەگەڵ ئەو ئینسانانە قسەدەکەم کە دەیانخولقێنم، ئەمە شتێکی نائاساییە! کاتێک کە منداڵبووم بەدەنگی بەرز لەگەڵ خۆم قسەم دەکرد، خەڵکی دەیانووت "گوێی لێمەگرن منداڵە"، ئێستاش خەڵکی بەهەمان شێوەی جاران دەڵێن "گوێی لیمەگرن پیربووە"!
- زۆر لە کتێبەکانی تۆ لە سانسۆر قوتاربوون؟
- ئاخر کەس باوەڕ ناکات لە چیرۆکی منداڵاندا من باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و چەوسانەوەی ئینسانەکان بکەم، کتێبەکانی من لە سانسۆر ڕزگاریان دەبێت چونکە جەنراڵەکان کتێبی منداڵان ناخوێننەوە.

لیونگا بوینگا بە شێوازێک دەنووسێت کە گەورەکان پێیانوایە ئەو نووسینانە بۆ منداڵان نابن چونکە منداڵان لەو شتانە تێناگەن. بەڵام بەرهەمەکانی نەک منداڵان بەڵکە گەورەساڵانێکی زۆریش دەخەنە داوی خوێندنەوەو لەگەڵ نووسینەکانیدا سەفەرێکی سیحرئامێز دەکەن.

- بەرازیل و ئەمەریکای لاتینی ناوچەیەکی پڕ لە ئاژاوەو توندوتیژییە. لەناوچە هەژارنشینەکاندا زۆر لە منداڵان هەن کە لەگەڵ باوک و دایکیاندا گەورەنابن. ڕەنگە دایکیان مردبێت و باوکیشیان لە شوێنێکی دوور لەوان کاربکات. ئەمە ژیانی ڕاستەقینەی منداڵانی ئێرەیە بۆیە من دەمەوێت باسیان بکەم.

منداڵی بێ دایک و باوک فەنتازیا بە دایک و باوکییەوە دەکات کە چۆن بوون. من دەمەوێت یارمەتی ئەو منداڵانە بدەم لە فەنتازیاکردنیاندا، پێشموایە کە ئەمە کارێکی باشە.
. من هەمیشە خاوەنی ئەو خەونەبووم، من زۆر عاشقی کتێبم و حەزدەکەم کتێبەکانم بۆ هەموو جێگایەک سەفەربکەن. ڕۆژانە دادەنیشم و بیر لەوە دەکەمەوە کە چی بنووسم، کتێبێک کە کە توانای سەفەری هەبێت بە دنیادا.

"خەڵاتی یادی ئەسترید لینگرێن" گەورەترین خەڵاتی ساڵانەی ئەدەبی منداڵان و مێردمنداڵانە لە جیهاندا. خەڵاتەکە بڕی پێنج ملیۆن کرۆنی سویدییە، کە نزیکەی 655 هەزار دۆلارە. ئەم خەڵاتە دەدرێت بە نووسەران و وێنەکێشی کتێبی منداڵان و حیکایەتخوانان. ئەم خەڵاتە لەلایەن دەوڵەتی سویدییەوە پشتگیری لێدەکرێت و بەسەرپەرشتی دایرەی کلتوری "کلتور رۆد" بەڕێوەدەچێت. ئەم خەڵاتە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 2003وە دەست بە بەخشینی کرا.
مەبەست لەم خەڵاتەش هەم بەرزڕاگرتنی یادی بەناوبانگترین ژنە نووسەری سویدیی "ئەسترید لینگرێن"ە و هەم هەوڵدانە بۆ بەرزکردنەوەی ویست و ئارەزووی ئەدەبی منداڵان و مێردمنداڵان لە جیهاندا. ساڵانە نووسەرانی دەیەها وڵات دەپاڵێورێن بۆ ئەم خەڵاتە.
یۆران پارشۆنی سەرەک وەزیرانی سوید لەکاتی بەخشینی خەڵاتەکەدا لەو وتەیەدا کە خوێندییەوە ووتی: "منداڵان هەمان مافی سەرەتایی گەورەکانیان هەیە بەڵام ئەوە ئێمەی گەورەکانین کە ئەو



بەرپرسیارییەمان لەسەر شانە بۆ دابینکردنی ئەو مافانە. هەمووومان پێکەوە بەرپرسیارین لەبەرامبەر هەموو منداڵانی جیهاندا کە دەبێت بە ئارامی و ئازادی گەورەببن".

سەرچاوەکان:
www.alma.se
DN 17mars  2004.
Sydsvenskan 17mars 2004.
DN 27sep 2004.

مۆڵەتی وەرگرتنی وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە لە لایەن لینگا بوینگا وە:

Dear Hiwa Kader,

In respect of your request to translate O Meu Amigo Pintor into your Language, I agree with it, being aware, as you told me, that - due to the present circunstances in your country - no financial rewards will come from that translation.
I hope you enjoy the company of my characters, and that my book will bring pleasure to many readers in your country.
Happy days!

Lygia Bojunga
050824

**ئازیزم هیوا قادر**

**من حورمەتی ئەو هەوڵەی ئێوە دەگرم بۆ وەرگێڕانی (هاوڕێ نیگارکێشەکەم) بۆ سەر زمانەکەتان، من هیچ ڕێگرییەکم نییە لەم کارە، وەکو خۆشت بۆت باسکردبووم بەهۆی بارودۆخی وڵاتەکەتەوە ئێوە هیچ پاداشتێکی مادی لەپای ئەم وەرگێڕانە وەرناگرن.**
**هیوادارم کاتێکی خۆش لەگەڵ بەرهەمەکانمدا بەسەربەریت، ئومێدیش دەکەم کتێبەکەم ببێتە مایەی ئاسودەگی بۆ خوێنەرانی وڵاتەکەت.**
**ڕۆژێکی خۆش**

لینگا بوینگا
2005/8/24



ناونیشانی ئەم کتێبە بە زمانی سویدی

Min vän målaren
Lygia Bojunga
Bokförlaget Opal AB
2004 ،Printed in Finland
ISBN: 91-7270-473-X